# کۆماری کوردستان لە پەیوەستگەی پەیوەندیە نێونەتەوەیەکاندا *

د.بورهان ا. یاسین

## پێشەکی

هەر نەبێ لە هەفتا ساڵی دوایی ئەم سەدەیەدا ئاستی یا رەهەندی نێونەتەوەیی کێشەی کوردستان لایەنێکی یەکجار گرنگ و کاریگەر وەبگرە چارەنووسسازیش بووە بۆ کێشەکە. دیارە سیاسەتی زلهێزەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەت بەرامبەر ئەو وڵاتانەی کە کوردستان لە نێوانیان دا دابەش کراوە وە ڕاستەوخۆ بەرامبەر بە کورد، مەسەلەی هەرە گرنگە لە ئاستی نێونەتەوەیی کێشەی کوردستان دا.

لێکۆلینەوە لە کێشەی کوردستان لە ڕۆشنایی سیاسەتی زلهێزەکان گرنگیەکی تایبەتی هەیە لە ساڵانی جەنگی دووهەمی جیهانی دا و بەتایبەت

* ئەم ووتارە دەبوایە لە گۆڤاری (گزنگ)ی هێژادا بڵاو ببێتەوە بە بۆنەی بیرەوەری پەنجا ساڵەی کۆماری کوردستان، لەم دەرفەتە داوای لێبووردن لە گۆڤاری گزنگ و سەرنووسەری مێوان هی ئەو ژمارە تایبەتیەی گزنگ مامۆستا ئەمیر حەسەنپوور دەکەم کە نەم توانی ووتارەکە لە کاتی خۆیدا تەواوکەم.

پەیوەندی لە گەڵ تەواوبوونی ئەم جەنگە و دەستپێکردن و سەرەتا زووەکانی جەنگی ساردا.[1]

لە لێکۆلینەوەی بەردەستدا دیارە هەندێ گیروگرفتی تیوری و میتودیکی هەن. گرفتێك لەوانە لێرەدا، باسکردنە لە کورد وەکو نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، لە سیاسەت و پەیوەندیە نێونەتەوەییەکاندا. لێرەدا دەتوانرێ ئەم ئیشکالیەتە چارە بکرێ بە ڕێگای پشت بەستن بە بۆچوونێکی تازە لە لێکۆلینەوەی مێژوویی و سیاسیدا کە ئەویش حسێب کردنی نەتەوە بێدەوڵەتەکانە وەکو ئەکتەر لە سەر مەیدانی پەیوەندیە نێونەتەوییەکان.[2] دیارە هەلبژاردنی بابەتێکی ئاوها وەکو ئەمەی بەردەست، سروشت و جۆری سەرچاوە مێژووییە ئەسلیەکانیش دیار دەکات. لەم باسە کورتەی بەردەستدا دیارە کورد وەکو ئەکتەرێکی نا دەوڵەتی (non-state actor)ی سەر مەیدانی پەیوەندیە نێونەتەوییەکان تەماشا دەکرێ وە بەوپێیەش سەرچاوە ئەسلیەکان زیاتر بەلگەنامە ڕەسمیەکان دەبن کە لە ئەرشیڤی بریتانی و وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا دەستدەکەون: لە بریتانیا Public Record Office، لە لەندەن، وە لە ئەمریکاش National Archives، لە واشنتون Washington .D.C

هەڵبەتە گرفتێکی تری میتودیی لەم باسەدا ئەوەیە کە تا ئێستا ئەرشیڤێکی ڕێك وپێکی ڕووسی (سۆڤیێتی پێش ئێستا) نیە؛ ئەمەش کەلێنێکی کەم یا زۆر دەخاتە ناو لێکۆلینەوە لەمەڕ پرسی کوردستان لە سیاسەتی زلهێزەکان (بریتانیای مەزن، وڵاتە یەککگرتووەکان و یەکێتی سۆڤیەت). بە هەر حاڵ لە پێداچوونەوەیەکی ووردی سەرچاوە بریتانی و ئەمریکیەکان شتێکی زۆر دەستدەکەوێ لە مەڕ سیاسەتی سۆڤیەت دەربارەی کێشەی کوردستان.

یەکێ لەو پرسیارانەی کە هەوڵێ وەڵام دانەوەی دەدرێ لەم ووتارەی بەردەستدا ئەمەیە:

[1] بڕوانە: Mehrdad Izady, *The Kurds*: A. Concie Hand book, (Washington .. Taylor & Francis International Publisher, 1992), P. 201; George Lenczowski, *Russia and the West in Iran, 1918 1948*: *A. Studay in Great Power Rivalry*, (New York: Itha ca Press, 1949), P. 249.
دیارە لە ناو ڕیزەکانی مێژوونووسان و سیاسەتزانان بۆچوونی زۆر جیاواز و بگرە زۆر جار دژ بە یەکتر هەن دەربارەی هۆی دەستپێکردنی جەنگی سارد وە کاتی دەستپێکردنی. بۆ باسێك لەم بارەیەوە بڕوانە: Borhanedin A. Yassin, *Vsion or Reality? The Kurds in the Policy of the Great Powers, 1941-1947*, Lund: Student Litteratur, 1995), PP. 100 -103

[2] بۆ دوو دیتنی جیاواز لەمەڕ ئەو پرسیارەی ئایا نەتەوە بێ دەوڵەتەکان وەکو ئەکتەر لە سەر مەیدانی سیاسەت و پەیوەندیە نێو نەتەوەییەکان دەتوانرێ حسێبیان بۆ بکرێ، بڕوانە Yassin, 1995, pp. 20-23 وە هەروەها بڕوانە چاوپێکەوتنێك لە گەڵ نووسەری ئەم ووتارە لە گۆڤاری گزنگ ژمارە 12، هاوینی 1996، ل 5.



ئایا جولانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وە بەتایبەت سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئیران وە سەرکردەی کۆماری کوردستان[3] بە ئیختیارێکی تەواو سۆڤیەتیان هەلبژارد وەکو ""دۆست"" و پشتگیر یا ئەم حاڵەتی بە ""دۆست بوون"" و پشتگیرییە ئاکامی هەندێ ڕووداو و پێشوەچوونی سیاسی - مێژوویی بوون؟

لەم ووتارەدا کۆماری کوردستان (لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان - مەهاباد) دەخەینە ناو پەیوەستگە (Context) یا چوارچێوە نێونەتەوەییەکەی.

## 1. پێشینەیەکی مێژوویی

ساڵی 1939 ئاگری جەنگی دووەمی جیهانی هەڵگیرسا لە ئاکامی، تا ڕادەییەکی زۆر، سیاسەتی ئەڵمانیای نازی، بە سەرکردایەتی ئادولف هیتلەر. جەنگ لە ئەوروپاوە دەستی پێکرد، بەڵام هەر زوو زۆربەی هەرە زۆری جیهانی گرتەوە.

ئەڵمانیا لە مانگی حوزەیرانی 1941 هێرشی کردە سەر یەکیەتی سۆڤیەت وە سەرکەوت لە داگیرکردنی بەشێ لەم وڵاتە و بگرە هەرەشەی کرد لە خۆدی پایتەخت (مۆسکۆ). لەم کاتەدا ترسێکی زێدە هەبوو کە هێزەکانی ئەڵمانیا بەرەو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شۆڕببنەوە بەو مەبەستەی کە ناوچە نەوتیەکان لە دەوروبەری کەنداوی فارسدا بخەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە. دیارە پلانێکی وا هەبوو کە ئەم هێرشە ببێتە ڕاستی و کوردستانیش (بەشەکانی تورکیا، ئیران و عیراق) ببێتە مەیدانێکی ڕاستەوخۆی جەنگ.[4] دیارە سەرنەکەوتنی ئەڵمانیا لە تێکشکاندی یەکیەتی سۆڤیەت بەتەواوی هۆیەکی گرنگ بوو؛ بۆ جێبەجێ نەبوونی ئەم پلانە.

بەهەر حاڵ هێرشی ئەلمانیا بۆ سەر یەکیەتی سۆڤیەت پێداویستی و گرنگی هاوپەیمانی بریتانیای مەزن و یەکیەتی سۆڤیەتی هێنایە پێشەوە؛ وە کاتێ کە ئەم هاوپەیمانیەش هەر زوو هاتە کایەوە وە گرنگی ئێران بۆ ئەم

[3] تا ئێستا ناوی جیاجیا بەکار هاتوون لە ناوهێنانی کۆماری کوردستان لە مەهاباد: کۆماری کوردستان، کۆماری میللی کوردستان، کۆماری دیموکراتی کوردستان، کۆماری مەهاباد و کۆماری کورد... هتد. بو لێدوانێك دەربارەی ئەم باسە بڕوانە: مەحمود مەلا عززەت ""با بۆچوونە شێواو و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە""، گزنگ، ژمارە 13، پایزی 1996 ل 39 - 44.

[4] United States Department of the Army "The German campaign in Russia., Planning and Operations (1940-1942), in *Department of the Army Pamphet*, No. 20-21a (Washington, D.C. March, 1955,1955),p.110.

دوو هێزە خۆی نواند وەکو زەرورەت.[5] زۆری پێنەچوو بریتانیا و سۆڤیەت کەوتنە پلان دانان بۆ داگیرکردنی ئێران وە بۆ ڕەوایی دان بەم داگیرکردنە ئەم دوو هێزە کەوتنە ''بەهانە'' هێنانەوە کە گوایە ژمارەیەکی زۆر ئەلمانی هەن لە ئێران وە بوونیان خەتەرە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەم دوو هێزە لەم ناوچەدا وە بۆ سەر هەوڵەکانیان لە جەنگدا دژی ئەلمانیا.

زۆری نەخایاند لە ڕۆژی 25ی ئابی 1941 هێزەکانی بریتانیا و سۆڤیەت هاودەم هێرشیان کردە سەر ئێران یەکەمیان لە خوارووی ئێرانەوە وە دووهەمیشیان لە سەرووی وڵاتەوە. لە ئاکامدا بەشی باکووری ئێران کەوتە ژێر دەستی سۆڤیەت وە بەشی باشووریش کەوتە ژێر دەستی بریتانیا وە بەشی ناوەڕاستی ئێرانیش وەکو ناوچەیەکی ئازاد (Free Zone) مایەوە. بە گشتی کوردستانی ئێرانیش بوو بە سێ بەشەوە: ناوچەی ژێر دەستی سۆڤیەت، ناوچەی ژێر دەستی بریتانیا وە ناوچەی ئازاد.[6]

هێرشی هاوبەشی بریتانیاو سۆڤیەت بووە هۆی، کەم یا زۆر، هەڵوەشانەوەی لەشکری ئێران، لە کارخستنی ڕەزا شا و زۆر لێکردنی کە وڵات بە جێ بهێڵێ وە کەم بوونەوەی کۆنترۆڵی دەوڵەت بە تایبەت لە ناوچەکانی دوور لە پایتەخت (تەهران).[7] ئەم بارودۆخە ڕاستەوخۆ بووە هۆی ئەوەی کە خەلکی کورد هەست بە ئازادی بکەن و بگرە هیوای دواڕۆژێکی باشتریش لایان سەرهەڵبدات. چەکێکی زۆر کەوتە دەست خەلکی کوردەوە بە تایبەتی خێڵەکان کە لەو کاتەدا هێزێکی گرنگی سۆسیۆ-سیاسی ناو کۆمەڵگای کوردەواری بوون. جولانەوەیەکی هات وچۆ و ئاخافتنی ئازاد دور لە کونترووڵی کاربەدەستانی ئێران کەوتە ناو خەلکەوە.[8]

---

[5] دەربارەی گرنگی ئێران بۆ بریتانیا و سۆڤیەت لە پەیوەندی جەنگی دووهەمی جیهانیدا بڕوانە، بۆ نمونە: Barry Rubin, *Paved with Good Intentins*, (New York: Penguin Books), p. 18;
Winston Churchill, *The Second World War: The Grand Alliance*, Vol. 111, (Boston: Houghton Mifflin Company), p. 423.

[6] Lenczowski, 1949, pp. 169-175.

[7] بڕوانە، بۆ نمونە: C. Grant. "Iran: Test of Relations between Great and Small Nations" in: *Foreign Policy Reports*, (April 15, 1945), P. 32; K. Tabari, *Irans Policies Towards the United States During the Anglo – Russian occupation, 1941 –1946*, (Unpublished ph.D. Dissertation, Columbia University, 1967), p. 12

[8] بۆ باسێکی فراوانتر بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 68-69. ، وە لە وێدا سەرچاوە هەرە گرنگەکان. بۆ باسێك دەربارەی خێڵە کوردیەکانی ئەو کاتەی کوردستانی ئێران بڕوانە بۆ نمونە: William Eagleton, Jr. *The Kurdish Republic of 1946*, (London: Oxford University Press), pp. 16-21.
دەربارەی خێڵە کوردیەکان لە تەواوی کوردستان دا بڕوانە: Izady, 1992, p.73-86.



لە گەڵ هاتنی هێزەکانی بریتانیا و سۆڤیەت بۆ ناو خاکی ئێران ژمارەیەك لە کاربەدەستانی باڵوێزخانەی ئەلمانیا لە تەهران کەوتنە کارکردن بە نهێنی وە هەر زوو ئاکامی کارەکە پەیوەندی کردن بوو بە کەسانێکی ئێرانی کە جولانەوەیەکیان دروست کرد بوو بە ناوی *میللیونی ئیران* وە هاوکارییەکی زۆر چڕ هاتە کایەوە لە نێوان ئەلمانەکان و ئەم جولانەوەیە. ئەوەی زۆر گرنگە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە کە زۆر لە ڕۆژهەلاتناس و ئیرانناسان تا ئێستا بۆچوونێکیان هەبووە کە گوایە ئامانجێکی هەرە گرنگی جولانەوەی *میللیون* و هاوکارە ئالمانەکانیان ئەوەبوو کە کوردەکان هان بدەن بۆ ڕاپەرین وە گوایە کورد جێگایەکی گرنگی هەبوو لە پلانەکانی *میللیون* دا.[9] بەلام دوای ڕاڤەکردنی بەلگەنامەکانی جولانەوەی میللیون کە زیاتر لە سەد دانە بەلگەنامەیە بۆمان دەرکەوت کەوا کورد جێگایەکی زۆر گرنگی نەبووە لە پلانەکانی جولانەوە و هاندانی کوردیش بۆ ڕاپەرین جێگای تایبەتی نە بووە لە ئامانجەکانی *میللیون* دا.[10]

## *کورد لە سیاسەتی زلهێزەکان دا دوای داگیرکردنی ئێران*

### *قوناغی یەکەم:*

لە گەڵ داگیرکردنی ئێراندا، هەردوو هێزەکە (بریتانیا و سۆڤیەت) هەستیان بە گرنگی ئەو هێزە سیاسی و گروپە ئیتنیکی و دینی وە هێزە سۆسیۆ-سیاسیەکان کرد کە لە ئێران هەبوون. گەلی کورد لە ئێراندا ڕاستیەکی پڕ هێز و توانای سەر مەیدانی سیاسی ئێران بوو؛ لە بەر ئەوە هەر هێزێکی بەرژەوەندیدار لە ئێران بۆی نەدەکرا ئینکاری بوونی ئەم ڕاستیە بکات، بەلکو پێویست بوو کار لە گەڵ مەسەلەدا بکات و سیاسەتێکی گونجاوی بۆ دابڕێژێ.[11]

---

[9] بڕوانە، بۆ نمونە: George Kirk, *The Middle East in the War*, (London: Oxfovd *:1946 – Survey of International Affairs 1939* ، University Press, 1952), p. 157; Lenczowski, 1949 pp. 163 – 164; Peter Avery, *Modern Iran*, (London: Ernest Benn Ltd, 1965) p. 363.

[10] ئەم بەلگەنامانە کە بە ناوی (Mayer Document) ن لە National Archives دەستم کەوتن. ئەم بەلگەنامانە بە ووردی کاری *میللیونی ئێران* دەردەخەن لە ماوەی مانگی شوبات - تشرینی یەکەم لە ساڵی 1942 وە بریتانیەکان لە شاری ئەسفەهان بە دەستیان هێناون وە کۆپیێکی دراوە بە ئەمریکیەکان.
*.RG 59; 891.00 / 2050. June 4, 1943. Department of the State. National Archives*

[11] بڕوانە: M. Rezun *The Soviet Union and Iran: Soviet Policy in Iran from the Beginning of the*

پەیوەندی ڕاستەوخۆی هێزەکانی بریتانیا و سۆڤیەت بە گەلی کوردەوە بووە هۆی ئەوەی کە هەردوو لا، واتە خەلکی کورد لە لایەك وە ئەو دوو هێزە لە لایەکی دیکەوە، هەلوێست لە یەکتر وەرگرن، هەرچی خەلکی کورد بوون بە چاوێکی پۆسەتیڤانە و دۆستانەتر تەماشای سۆڤیەتەکانیان دەکرد.[12] لە لایەکی ترەوە لە سەرەتای داگیرکردن تا کۆتایی 1943 وە بەشێك لە سالی 1944 سیاسەتی بریتانیا و سۆڤیەت لە بەرامبەر کورد تا ڕادەیەك لە یەکتر دەچوو، لەبەر سەرقالی ڕاستەوخۆی ئەم دوو هێزە بە جەنگەوە لە گەل ئەلمانیادا. بەلام هەر زوو (پایزی 1941) سیاسەتی بریتانیا ڕوون بوویەوە کە ئەویش پشتگیری کردنی ڕاستەوخۆی حکومەتی مەرکەزی بوو وە لە هەمان کاتدا پشتکردن بوو لە گەلی کورد (بە زمانی ڕەسمی بریتانیەکان، خێلەکانی کورد).[13] بەلام سیاسەتی سۆڤیەتیەکان بەرامبەر بە کورد تا 1943 - 1944 ناڕۆنیەکی زۆری پێوە دیار بوو. ئەم سیاسەتە لە سەر ئەوە بیناکرابوو کە باشتر وایە دلی خەلکی کورد بەتایبەتی سەرەك خێلە کوردە خاوەن دەسەلاتەکان لە سۆڤیەت نە ڕەنجێنرێ و بەلکو لە دوا ڕۆژیش کورد وەکو ئامرازێك لە ململانێی سیاسی دا بەکار بێت.[14] دیارە بە گشتی سیاسەتی بریتانیا و سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد مەسەلەیەکی ڕۆن و یەك لایی نیە بەلکو سیاسەتەکانیان زیاتر ڕەنگدانەوەی هەلوێستی ئەم دوو ولاتە بوو:1. لەو ناوچانەی داگیریان کرد بوو؛ 2. بەرامبەر حکومەتی مەرکەزی لە تەهران؛ 3. بەرامبەر یەکتر؛ 4. لە مەڕ بەرژەوەندیەکانیان لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست؛ 4. هەر وەها مەسەلەیەکی زۆر گرنگیش، کە کاریگەریەکی زۆری هەبوو لە سەر داڕشتنی ئەم سیاسەتە و دەربڕینی عەمەلی ئەم سیاسەتە، کە ئەویش هاوسەنگی هێز بوو لە جەنگیاندا لە گەل ئەلمانیا.

سەردانی وەفدێکی کوردی (کە لە 30 کەس پێکهاتبوو) بۆ باکو (پایتەختی ئازەربایجانی سۆڤیەتی) لە کۆتایی 1941 بووە هۆی ئەوەی کە

*Pahlavi Dynasty until the Soviet Invasion in 1941*, (Genève: Sijth off & Noordhoff International Publisher BV Alphen aan den Rijn, 1981), p. 82, n. 74.

[12] بڕوانە: Memo, NE, Depatment of State, March 19, 1942, (Department of State's Decimal File) *DSDF,891. 00/ 1827, NA*; Lenczowski, 1941, p. 250.

[13] بڕوانە: *(Foreign Office (FO) 371/27244, Persia 1941, Public Record Office (PRO;* Sir R. Bullard, *The Camels Must Go: An Autobiography*, (London: Faber and Faber, 1961), pp. 232 - 233; From the Foreign Office to the British Legation in Tehran, Aug. 1, 1943, *Fo 371/35072, Persia 1943, PRO.*

[14] Yassin, 1995, pp. 82-83.



دەنگی گلەیی لە لایەن ئێرانیەکان و بریتانیا و تورکیا بەرز ببێتەوە.[15] هەر چەندە ئەم سەردانە بە پێی ڕوونکردنەوەی سۆڤیەتیەکان تەنانەت سەردانێکی کولتوری بوو.[16] سەردانەکە و ڕێگا نەدانی هێزە سۆڤیەتیەکان (لەشکری سوور) بە ژاندرمی ئێرانی کە بە ئازادی بێنە ناو کوردستانەوە وە لە هەمان کاتدا ڕاپەرینی هەندێ خێلی کورد لە بەهاری 1942، ئەم ڕووداوانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی کە گومان بخرێتە سەر سۆڤیەتیەکان، کە گوایە پشتگیری لە جولانەوەیەکی جیاخوازی کوردی دەکەن.[17] کاربەردەستانی ئێران و تورکیا سۆڤیەتیەکانیان بەوەش تاوانبار کرد کە گوایە سۆڤیەتیەکان پشتگیری دەکەن لە خەملاندنی جولانەوەیەکی کوردی - ئەرمەنی - ئاسوری جیاخواز بە ناوی Liberation ''ڕزگاری''.[18]

لەوە دەچێ کە ئەم بۆچوونە لە بنچینەدا هی دەسەلاتدارانی تورکیا بوو بێت وە بەپلەی یەکەم ترسیان لەوەی کە هەر جولانەوەیەکی کوردی لە ئێران ڕاستەوخۆ کاری دەکردەسەر کوردەکانی تورکیا.[19] بە بۆچوونی بریتانیەکان ئەم بۆچوونەی تورکەکان زیاتر لە ژێر تەئسیری پرۆپاگاندەی ئەلمانیا و دۆستانی خەملا بوو، کە گوایە سۆڤیەت پشتگیری دەکەن لە ڕاپەرینێکی سەرانسەری لە ئازەربایجانی ئێران دا.[20] دیسان بریتانیەکان لەو باوەڕەدا

[15] بڕوانە، بۆ نمونە: From the British Legation in Tehran to the Foreign Office, Jan. 14, 1942, *FO 371/31388, Persia 1942 PRO*; From Eden to Bullard, Jan. 21, *Fo 371/31394, Persia 1942, PRO.*

[16] From Maisky to Eden, Jan. 4,1942, *Fo 371/31388, Persia, PRO*; Bullard, 1961, p. 239. 1942, هەندێ سەرچاوەی کوردیش جخت لە سەر ئەوە دەکەن کە سروشتی سەفەرەکەی وەفدی کوردی بۆ باکۆ کولتوری بووە و ئامانجی سۆڤیەتیەکانیش ئەوە بوو کە زیاتر شارەزایی و ئاشنایی پەیدا کەن لە گەل کورد. بڕوانە، بۆ نمونە، د. عبدالرحمن قاسملۆ، *چل سال خەبات لە پێناوی ئازادی: کورتەیەك لە مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران*، بەشی 1 چاپی دووهەم (؟،؟)، ل 62. دیارە مەبەستێکی سەردانیش ئەوە بووە کە کوردەکان شارەزاییەك پەیداکەن لە مەڕ ژیانی خەلك لە یەکیەتی سۆڤیەت. بڕوانە Eagleton, 1963, p. 23 وە قاسملۆ، 1988، ل 60 - 61. لە لایەکی تریشەوە وەفدە کوردییەکە ئامانجێکی سیاسی نە بوو کە بیناسێنێ بە دەسەلاتداران لە باکۆ وە بگرە هیچ شێوە هارمۆنیەکیش نەبوو لە نێوان ئەندامانی وەفددا بڕوانە نەوشیروان م. ئەمین، *حکومەتی کوردستان، ڕێبەندانی 1324 - سەرماوەزی 1325: کورد لە گەمەی سۆڤیەتیدا*، (هولەندا، ؟، 1993)، ل 44 - 45.

[17] بڕوانە، بۆ نمونە: Bullard, 1961, p. 235; Avery, 1945, pp. 384-385.

[18] بروانە: From Dreyfus to the Secretary of Stete, Jan. 5, 1942, *Department of State's Decimal File (DSDF), 891.00/1822,NA*;From the British Legation in Tehran to the Foreign Office, Jan. 9, 1942, *Fo 371/31388, Persia 1942, PRO.*

[19] بروانە: From the British Embassy in Ankara to the Foreign Office, May 6, 1942, *Fo. 371 31414 Persia 1942, PRO*

[20] بروانە: From Ankara to London, March 12, 1942, *Fo 371/31390, Persia 1942, PRO.*

بوون کە تورکیا قەوارەیەکی زۆر مەزنتری داوە بە ڕووداوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەوەی کە پێویستە.[21] ئەمەش لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی حەساسیەتێکی تەقلیدی تورکەکان بوو لە مەڕ مەسەلەی کوردستان بە گشتی. لە لایەکی ترەوە گوناهبارکردنی سۆڤیەتیەکان لە لایەن ئیرانیەکانەوە کە گوایە هێزە سۆڤیەتیەکان ڕێگا بە هێزی ئێرانی نادەن بچنە ناو کوردستانەوە[22] تەنانەت بەهانەیەك بوو بۆ ئەوەی ئێرانیەکان بتوانن ئەمریکیەکان ڕاکێشنە ناو مەسەلەی ململانێی ئێران و سۆڤیەت. لە ڕاستیشدا، بە پێزانین ئەمریکیەکان خۆیان، مەسەلەکە نەك ڕێگا نەدان بوو بە هێزی ئێرانی بەڵکو ئێرانیەکان نە ئەو توانا لەشکرییە پێویستەیان هەبوو وە نە باری سیاسیان گونجاو بوو کە بە شێوەیەکی کاریگەرانە بچنە ناو کوردستان و دەست بەسەر بارودۆخەکە دابگرن.[23] ئەم کەم توانایی‌ەی هێزەکانی ئێران نەدەکرا هەتا بگرە لە لایەن ئێرانیەکان خۆشیانەوە بشاردرێتەوە. ژەنەڕاڵ درەخشانی، سەر لەشکری ئێران لە تەبرێز، لە بەهاری 1945 ئەو ڕاستیەی دەرخست؛ کە ئێرانیەکان هێزێکی زۆر زیاتریان پێویستە لەوەی کە هەیانە بۆ ئەوەی بینێرن بۆ شاری مەهاباد بۆ دەست بەسەردا گرتنی.[24]

### قوناغی دووهەم:

سیاسەتی زلهێزەکان بەرامبەر کورد لە ئێران، بەتایبەت هی یەکیەتی سۆڤیەت ئاشکراتر بوو لەم قۆناغەدا، کە دەتوانرێ بگوترێ لە کۆتای ساڵی 1943 و ساڵی 1944 تا دەهات ڕوون تر دەبوو. هۆیەکەشی تەنها ئەو قەیرانە سیاسی و دیپلۆماسیە نەبوو کە لە نێوان ئێران و سۆڤیەت ڕووی دا لە سەر مەسەلەی نەوت، کە دەستپێکی لە پایزی 1944 بوو وە کە هەر زوو بریتانیا و

[21] بروانە: From the British Embassy in Ankara to the Foreign Office, May 8, 1942, *Fo 371/31414, PRO*

[22] بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 92 ff.

[23] بروانە: From the Amerian Legation in Tehran to the Department of State, Nov. 10, 1943, *DSDF, 891.00/2066, NA.*
شایەنی تێبینی کردنە کە ئەمریکیەکان ساڵی 1942 هێزێکی زیاتر لە 30000 سەربازیان ناردە ئێران بە بەهانەی پارێزگاری کردن لە ڕێگای شەمەندەفەر کە لە کەنداوی فارسەوە دەچووە ناو یەکیەتی سۆڤیەت. بەم شێوەیە ئێران بووە یەکەم دەوڵەت لە جەنگی دووهەمی جیهانی دا کە هێزەکانی بریتانی، ئەمریکی و سۆڤیەتی تیا کۆبوویەوە بەم شێوەیە ئێران بووە حاڵەتی تاقیکردنەوە (test case) بۆ چوونیەتی بەڕێچوونی پەیوەندی نیوان ئەم سێ هێزە.

[24] بڕوانە: From Marris to the Secretary of State, May 5. *Foreign Relations, of the United States (FRUS), Diplomatic Papers, The Near East and Africa, 1945*, Vol. VIII. (Washington, D.C: Government Printing Office, 1969), p. 368.



ئەمریکاش ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ تێوەلکبان، بەلکو هۆیەکی زۆر گرنگی ئەم گۆڕانکاریە سەرکەوتنی سۆڤیەت بوو لە بەرەی شەردا کەبە شکاندن و دەرکردنی هێزەکانی ئەلمانیا لە وڵاتدا تەواو بوو. ئەم سەرکەوتنە ڕێگەی بۆ ئەوە خۆشکرد کە ئیتر سۆڤیەت لە بەرەی دپلۆماسیشدا، لە ئاستی جیهانی، بەتایبەتی لە ئاستی ئێران و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکەونە حالەتی "هێرشی" دیپلۆماسیەوە. زۆر بە کورتی لەم قۆناغەدا بۆ زلهێزەکان وە لە مانیش یەکیەتی سۆڤیەت وا پێویست بوو کە سیاسەتەکانیان خۆ ئامادەکردن بێ بۆ کۆتایی جەنگ و خەمڵانی نەخشەی بەرژەوەندیە ستراتیژیەکان بێ لە جیهاندا لە زەمانی دوای جەنگدا.[25] لە لایەکی تریشەوە ئەمریکی و بریتانیەکان تا دەهات گرنگی زیاتریان دەدایە پەیوەندی سۆڤیەت بە کوردەوە وە نارەحەتی خۆیان دەردەبڕی بەرامبەر سۆڤیەتەکان کە گوایە پشتگیری کورد دەکەن لە هەوڵدانیان بۆ جیابوونەوە لە ئێران. ئێرانیەکان، هەر وەك پێشتر، هەوڵی تەواویان بۆ ئەوە بوو کە عەتفی بریتانی و ئەمریکیەکان بۆ خۆیان ڕاکێشن لە پێناو فشار خستنە سەر سۆڤیەت کە ئەمانە ڕێگا بدەن بە لەشکری ئێران کە بچێتە ناو کوردستانەوە بە مەبەستی سەرکوت کردنی هەر هەوڵ و جولانەوەیەك لەوێ دا.[26]

## کۆماری کوردستان و سیاسەتی زلهێزەکان

### بەرەو دامەزراندنی کۆماری کوردستان

هەر وەکو لە پێشودا باسکرا، بێهێزبوونی ئێران لە ئاکامی داگیرکردنی لە لایەن بریتانیا و سۆڤیەتەوە دەرفەتێکی لە باری هێنایە کایەوە بۆ جولانەوە و کۆبوونەوە و دەربرینی ڕای ئازاد لە ناو ڕیزەکانی خەلکی کوردستان دا. زۆری پێنەچوو، کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك.) هاتە کایەوە لە ساڵی 1942. ژ.ك. بە پێی زۆر سەرچاوە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی نەتەوەیی بوو کە لە ڕۆژهەلاتی کوردستان سەری هەڵدا.[27] زۆر بە کورتی ژ.ك. ڕێکخراوێکی

[25] بڕوانە: Yassin, 1995, p. 114 -115 وە لەوێشدا سەرچاوە هەرە گرنگەکان دەربارەی ئەم مەسەلەیە.

[26] بڕوانە: From Leland Marris, The American Ambassador in Iran, to the Secretary of State, Feb. *FRUS, 1945*, Vol. VIII, pp. 361 -362. 22, 1945,
لێلاند مۆریس سەفیری ئەمریکا بوو لە تەهران لە شوبات تا حوزەیرانی 1945.

[27] بڕوانە، بۆ نمونە، قاسملۆ، 1988، ل 25. بەلاٌم بە پێی، بۆ نمونە، محمود مەلا عزەت بەر لە ژ.ك. ڕێکخراوێکی تر بە ناوی کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان دروست بوو بوو لە

نەتەوەیی بوو وە گۆڕینی کۆمەڵگای کوردەواری یەکێ لە ئامانجەکانی بوو.[28] دروست بوونی ئەم ڕێکخراوە دیاردەیەکی دابڕاو نەبوو لە ڕووی کوردستانی مەزنەوە، بەڵکو لە کۆبوونەوەی دامەزراندنیدا بەشداری چالاکانەی حیزبی هیوا (باشووری کوردستان 1939 - 1945) لە لایەن میر حاج و مستەفا خۆشناو بەرچاو بوو.[29] هەروەها زۆری پێنەچوو ژ.ك. پەیوەندی دروست کرد لە گەڵ باشوور و باکووری کوردستان وە بۆ نمونە گرنگیەکی تایبەتی دا بە ڕاپەرینەکەی مستەفا بارزانی بەرامبەر حکومەتی عیراق.[30] لە مەڕ پەیوەندیەکانی ژ.ك. لە گەڵ زلهێزەکان بەتایبەت سۆڤیەت و بریتانیا، بەڵگەنامەیەکی یەکجار کەم لەبەردەستایە. بە هەر حاڵ لە کۆبوونەیەکی سەرکردایەتی ژ.ك. دا ساڵی 1943 بڕیار درا کە پەیوەندی بە سۆڤیەتیەکانەوە بکرێ و داوای یارمەتیان لێ بکرێ،[31] بەڵام هیچ بەڵگەیەك نیە کە ئایا ئەم پەیوەندیە کرابێ وە ئەگەر کرابێ ئایا ئاکامی پەیوەندیەکە چی بووبێ. لە لایەکی ترەوە دیارە ژ.ك. لە دیتنی سیاسیدا بۆ بریتانیا و سۆڤیەت زیاتر واقعیانە بوو؛ بە واتایەکی تر هەر زوو خۆ بەستنەوە نەبوو بە لایەنێکەوە. ژ.ك. پۆسەتیڤانە باسی لە هەردوو زلهێزەکە دەکرد، ئەمەش لە خوێندنەوەی گۆڤاری نیشتمان/زمانحاڵی ژ.ك. دەردەکەوێ.

بە هەرحاڵ لە بڕی ژ.ك. ڕێکخراوێکی تر (حیزبی دیموکراتی کوردستان - ئێران - حدك) لە 16ی ئابی 1945 دامەزرا.[32] ئەم حیزبە تازەیە قازی محەمەدی هەڵبژارد وەکو سەرۆکی حیزب. حدك کەوتە پەیوەندی کردن لە گەڵ سۆڤیەتیەکان وە هەر زوو وەفدێکی ئەو حیزبە، لە سەر داواکاری دەستەڵاتدارانی ئازەربایجانی سۆڤیەتی، سەریان دا لە باکۆ. باسی هەرە گرنگ لەم سەردانەدا لە نێوان وەفدی کوردی و سۆڤیەتیەکان مەسەلەی مسۆگەرکردنی پشتگیری سۆڤیەتی بوو لە خواستێکی کوردی بۆ دامەزراندنی قەوارە (کیان) یێکی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. زۆر بە کورتی، دیارە بۆچوونی سۆڤیەتیەکان بەتایبەتی هی جەعفەر باقیرۆڤ (سکرتێری پارتی کۆمونیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی و سەرۆك وەزیرانی ئازەربایجان) ئەوە بوو کە کوردەکانی ئێران دەبێ پەلە نەکەن وە وا باشترە ڕازی بن بە وەرگرتنی هەندێ لە مافەکانیان لە ناو سنوری کۆماری ئازەربایجانی ئێراندا کە ڕۆژی 12 کانونی یەکەم دامەزراندنی ڕاگەیاندرا.[33] لە ڕاستیشدا ئەم بۆچوونە هی حیزبی دیموکراتی ئازەربایجان - ئیران (ناسراو بە فرقە) و سەرکردەی کۆماری ئازەربایجانیش بوو؛ بۆ نمونە لە چاوپێکەوتنێکی جەعفەر پیشوەری (سەرۆکی کۆماری ئازەربایجانی ئێران) لە گەڵ روبرت رۆسۆ (جێگری قونسولی ئەمریکی لە تەبریز)، بەر لە دامەزراندنی کۆماری کوردستان، پیشوەری جختی لە سەر ئەوە کرد کە کوردەکان دەبێ بە هەندێ ماف رازی ببن لە چوارچێوەی کۆماری ئازەربایجاندا. وە پیشوەری ئەوەی ڕوون کردەوە کە لە سەر ئەو پێویستە دۆستایەتی کورد بکات، ئەگەر نا حکومەتی تەهران بە ئاسانی کوردەکان دژی ئازەریەکان بەکار دەهێنێ.[34] لەوە دەچێ کە سۆڤیەتیەکانیش بە تایبەتی جەعفەر باقیرۆڤ ترسێکی وایان هەبووبێ کە ئەگەر سۆڤیەتیەکان پشت لە کوردەکان بکەن ئەوا بۆی هەیە بریتانیەکان ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بۆ بەکار هێنانی کوردەکان دژی پلانەکانی سۆڤیەت لە ئێران بە گشتی، وە دژی کۆماری ئازەربایجانی ئێران بەتایبەتی. بە مانایەکی تر ئازەربایجانی ئێران، نە وەك کوردەکان، مەبەستی سەرەکی سۆڤیەتیەکان بوو.

## *ڕاگەیاندنی دامەزراندنی کۆماری کوردستان*

لە ڕۆژی 12ی کانونی یەکەمی 1945 ئازەرییەکان دامەزراندنی کۆماری خۆیان لە تەبریز ڕاگەیاند. ئەم ڕووداوە ڕێگە خۆشکەرێکی گرنگ بوو لە ڕووی سایکۆلۆژی - سیاسیەوە بۆ ئەوەی کوردەکانیش، بە سەرکردایەتی حدك، کۆماری خۆیان لە مەهاباد ڕابگەیەنن. دیارە لە کۆتایی 1945 وە دەستپێکی 1946 ڕووداوەکان زۆر بە پەلە دەڕۆیشتن لە ڕووی جولانەوەی نەتەوەیی کورد، لە ڕووی بارودۆخی ئێران وە لە ڕووی پەیوەندیە

ساڵی 1939. بڕوانە محمود مەلا عزەت، *کۆماری میللی کوردستان: لێکۆلینەوەیەکی سیاسی و مێژوویە* (ستوکهولم: جەمال تاهیر، 1986)، چاپی دووەم، ل 61.

[28] قاسملۆ، 1988، ل 470؛ مەلا عزەت، 1986، ل 66.

[29] مەلا عزەت، 1986، ل 64، قاسملۆ، 1988، ل 27؛ وە هەروەها کەریم حوسامی، *کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری؟*، (ستوکهولم: بنکەی چاپەمەنی ئازاد، 1986)، چاپی دووەم، ل 43.

[30] بڕوانە، بۆ نمونە، ئەمین، 1939، ل 72 - 73، وە بۆ دەقی نامەی ژ.ك. بۆ بارزانی بڕوانە هەمان سەرچاوە ل 78 - 80.

[31] بڕوانە، .Eagleton, 1963, p. 35 لە لایەکی ترەوە یەکێ لە دامەزرێنەرانی ژ.ك. (مەلا قادر مودەرسی) دەڵێ کە سۆڤیەتیەکان گرنگیێکی زۆریان دەدا بە ژ.ك. بڕوانە ئەو چاوپێکەوتنەی مودەرسی لە س.م. سەدەمی، *ژ.ك: چی بوو؟ چی دەویست؟ وە چی لێ بەسەرهات؟* (مەهاباد:؟، 1981)، ل 16 - 17.

[32] ڕێکنەکەوتنێکی ئاشکرا هەیە لە نێوان سەرچاوەکان دەربارەی مێژووی دامەزراندنی حدك - ئێران. بۆ باسێکی ئەو بابەتە بڕوانە، .Yassin, 1995, p. 150 -152

[33] Eagleton, 1963, p. 44.

[34] بڕوانە: From Rossow to the Secretary of State, Jan. 2. 1946 *DSDF. 891.00/1-246. NA*

نێونەتەوەییەکان دا. ئا لەم بارودۆخەدا، دامەزراندنی کۆماری کوردستان ڕاگەیاندرا لە لایەن قازی محەمەدەوە لە 22ی کانونی دووەمی 1946 لە مەیدانی چوارچرا لە مەهاباد.

مەسەلەیەکی گرنگ لە بابەتی کۆماری کوردستان لە سیاسەتی زلهێزەکاندا ئەوەیە ئایا کۆمار چۆن دەبینرا لە لایەن وڵاتە یەکگرتوەکان و بەریتانیای مەزنەوە. بۆچوونی هەرە باو لە لای کاربەدەستانی ئەمریکاوە ئەوە بوو کە کۆماری کوردستان قەوارەیەکی سیاسی دەستکردی سۆڤیەتیەکان بوو.[35] لە ڕاپۆرتێکدا ڕۆبەرت ڕۆسۆ (جێگری قونسولی ئەمریکا لە تەبریز) دەڵێ ئامانجێکی نەناسراوی سەرکردەی کورد ئەوە بوو کە کۆمارەکەیان ڕۆڵی نوقتەی لێوە دەرچوون ببینێ بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی کە بەشەکانی کوردستان لە ئێران، عیراق، تورکیا وە سوریا بگرێتەوە؛ وە خاکی ئەم وڵاتە بڵاو ببێتەوە تا دەگاتە ئەسکەندەرۆن لە سەر دەریای ناوەڕاست. لە ڕێگای ئەم دەوڵەتەوە یەکیەتی سۆڤیەت دەتوانێ بوونی ستراتیژی خۆی لە ناوچەدا سەقامگیر بکات. هەر وەها ڕۆسۆ جخت لە سەر ئەوە دەکا کەوا ئەگەر سۆڤیەتیەکان ناوچە کوردیەکەش، بە هەمان شێوەی، ئازەربایجانی ئێران وەکو پردێك بەکار بهێنن، بۆ گەیشتن بە ناوچەی کەنداوی فارس و قوڵ بوونەوە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوا ئەوان (سۆڤیەتیەکان) دەتوانن ئامانجەکانیان لە ناوچە بە دەست بهێنن.[36] کەچی ئەمە لە کاتێکدا کە قازی محەمەد بە ڕاشکاوی دەری بڕی کە ئەو نەك هەر باس لە دامەزراندنی کوردستانێکی گەورە ناکا بەڵکو ناشخوازێ هیچ شێوە هاوکاریەکیش بکا لە گەڵ کوردەکانی عیراق و تورکیا بۆ ناردنی وەفدێکی هاوبەش بۆ هەر کونفرانسێکی ئاشتی کە لە چوارچێوەی دا کێشەی کوردستانی مەزن باسبکرێ.[37] بە هەرحاڵ ئەمریکیەکان لە گەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوون لە دەربڕینی ئەو ترس و گومانەی کە گوایە ئامانجی کوردەکان دروستکردنی کوردستانێکی مەزنە. ئەم بۆچوونە ئەمریکیە لە ڕاستیدا زیاتر لەو قەناعەتەوە هەڵقوڵا بوو کە هاتنە کایەی دەوڵەتی کوردستانی مەزن بە پشتگیری یەکیەتی سۆڤیەت، لە بەرژەوەندی سۆڤیەتیەکاندا دەبێ. لە ئەمەش زیاتر هەندێ ڕاپۆرتی دیپلۆماسی ئەمریکی باس لە هەندێ پلانی کوردی و هەندێ کرداری سۆڤیەتی دەکەن بۆ هەڵسان بە کارێکی عەسکەری هاوبەش بەرەو ڕووی تورکیا و عیراق. بە پێی ئەم ڕاپۆرتانە ئامانج لەم کردارە عەسکەریانە، بەتایبەتی، دەست بە سەرداگرتنی بە تەواوەتی باکووری کوردستان (کوردستانی تورکیا) بوو. نەك هەر ئەمە بەڵکو بۆچوونێکی ئەمریکی واش هەبوو کە کۆماری کوردستان سەروەری خۆی ڕاگەیاندووە بە سەر تەواوی ڕۆژهەڵات و خوارووی ڕۆژهەڵاتی تورکیا. لە گەڵ ئەوەشدا کە هیچ دەلیلێك نەبوو لە سەر ئەم بۆچوونانەی ئەمریکیەکان، ئەوان (واتە ئەمریکیەکان) هەر بەردەوام بوون لە جخت کردنە سەر ئەم بۆچوونانە، ئەمەش بە پشت بەستن بە هەندێ ڕاپۆرت کە، بو نمونە، گوایە هێزەکانی سۆڤیەت لە باکووری ئێرانەوە بەرەو سنوورەکانی تورکیا و عیراق دەچوون.[38] بەڵام لە ڕاستیدا زانیاریەکانی بریتانیەکان ئەوەیان سەلماندوە کە ڕاپۆرتە ئەمریکیەکان دەربارەی جولانەوەی هێزە سۆڤیەتیەکان تەنانەت گەورەکردنی (exaggeration)ی مەسەلەکە بووە وە هیچ بنچینەیەکی ڕاستی نەبوو.[39] بە هەرحاڵ لە یەکچوونێك و نزیکیەکی زۆر هەبوو لە نێوان بۆچوونی ئەمریکیەکان و سیاسەت و بۆچوونی ڕەسمی ئێران لە مەڕ ڕووداوەکانی کوردستان لە مەڕ هەڵوێست لە سیاسەتی سۆڤیەت لە ناوچە و هەڵوێستی بەرامبەر بە کێشەی کوردستان.[40]

## *سیاسەتی زلهێزەکان بەرامبەر کۆماری کوردستان*

لە گەڵ تەواو بوونی جەنگ، یەکیەتی سۆڤیەت هەوڵەکانی خۆی زۆر زێدەتر کرد بۆ ئەوەی تەئسیری خۆی زێدەتر بکات لە ئێران. دوو ڕێگەی هەرە گرنگ بۆ گەیشتن بەم ئامانجە پشتگیری کردنی چەپی ئێران، بە تایبەت حیزبی تودە وە هەر وەها ئازەری و کوردەکان بوو کە دوو هێز بوون داوای ئۆتۆنۆمیان دەکرد. لێرەدا پێویستە ئەوە بگوترێ کە وا هەردوو لای هاوکێشە پێویستی بە سوود وەرگرتن لە لای تر بوو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان: لە لایەك سۆڤیەتیەکان پێویستیان بە ئازەری و کوردەکان هەبوو وە لە لایەکی

---

35 بڕوانە: R. Rossow, Jr. The Battle of Azerbaijan , in *The Middle East Journal*,Vol..X, No.1 (Winter 1956) pp.18,29.

36 بڕوانە: From Rossow to the Secretary of State, Jan. 2, 1946, *DSDF, 891.00 1 – 246, NA*.

37 بڕوانە: From Gerald Dooher, the American Vice Consul, to the Secretary of state, April 26, *1946, DSDF, 891.00/4-246,NA*

38 بڕوانە: From Rossow to the Secretary of State, March 5, 1946, *FRUS, 1946* Vol..VII, p. 340; Rossow, 1956, p. 21; From Kennan to the Secretary of State, *1946 ،FRUS 1946*, Vol. VII, p. 356.

39 From the Secretary of State to Rossow, March 15 FRUS;1946.Vol..VII,pp..359-360.

40 بڕوانە: M. R. Pahlavi:, *Mission for my Country*, (London: Hutehinson, 1966), p.114.

تریشەوە ئازەری و کوردەکان پێویستیان بە یارمەتی سۆڤیەتیەکان بوو. بە مانایەکی تر لەم قۆناغەدا لە نێوان ئامانجەکانیان هەردووك لا، هەر نەبێ بە شێوەیەکی کاتیش بێت، هاوئاهەنگ بوون لە گەڵ یەکتردا. لە ڕاستیدا ئەمە ڕێك بۆچوونی هەر نەبێ هەندێ سەرکردەی کورد بوو لەو کاتەدا.[41]

بەر لە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان قازی محەمەد هەوڵێکی زۆری دا کە سۆڤیەتیەکان ئیقناع بکات کە پشتگیری بکەن لە کۆمار وە بە شێوەیەکی ئاشکرا لە کاتی ڕاگەیاندنیدا. هەتا چەند ڕۆژێکیش بەر لەم ڕاگەیاندنی دامەزراندنە دیسانەوە قازی محەمەد هەر بۆ ئەم مەبەستە لە پەیوەندی دا بوو لە گەل سۆڤیەتیەکان.[42]

ئەوەی تا ئێستە ئاشکرایە یەکیەتی سۆڤیەت هیچ پێزانین (إعتراف) ێکی ڕەسمی نەکردەوە بە کۆماری کوردستان بەڵام لە گەڵ ئەمەشدا هەندێ مێژوونووسی بیانی و بەتایبەتی ئێرانی هەن کە ئیدعا دەکەن کە یەکیەتی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ پێزانینی ڕەسمی خۆی بە کۆماری کوردستان ڕاگەیاندوە.[43] لە ڕاستیدا ئەم مێژوونووس و نووسەرانەی ئەم شێوە بۆچوونیان هەبووە، تەنانەت تەواوی بۆچوونیان دەربارەی کۆماری کوردستان پێ لەو بۆچوونە چەوتە هەڵدەگرێ کە دەڵێ باری سیاسی کورد لە سالآنی جەنگی دووهەمی جیهانی و کۆماری کوردستان دەبێ تەنها لە ڕۆشنایی سیاسەتی سۆڤیەتەوە هەڵبسەنگێنرێ.[44] لە لایەکی ترەوە زۆر بۆچوونی ڕەسمی لای زلهێزە ڕۆژئاواییەکانی ئەو کاتە و لای لێکۆڵەرانی مێژوو و سیاسەت ئەوەیان دەرخستووە کە جگە لە سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لەم پەیوەندیەدا دەبێ سیاسەتی چەوسانەوە و ئیهمالکردنی کوردەکان و ئازەریەکان لە لایەن دەسەڵاتدارانی تەهرانەوە

---

[41] بۆ نموونە، مستەفا بارزانی بۆچوونێکی ئاوها بە ڕاشکاوی ڕادەگەیەنێ لە ساڵی 1947/1946 لە کفتوگۆیەکی دا لە گەڵ ئەفسەری ئازەربایجانی عبدالحسن تەفریشیان لە دوای ڕوخانی کۆماری کوردستان. بڕوانە: عبدالحسن تەفریشیان، *قیام افسران خراسان*، (؟،؟ ، 1976)، ل 85، 87.

[42] بڕوانە: F. Dehkordi , *The Republic of Kurdistan: Its Rise and Fall*, (unpublisbed Ma. Dissertation, University of Oxford, 1986), pp. 62 – 63. ،

[43] بڕوانە بۆ نموونە:
R. Irani , *American Diplomacy: An Option Analysis of the Azerbaijan Grisis 1945-1946*, (Strategice Studies Institut, U.S. Army war Colege, 1978), p. 22.

[44] بۆ نموونە بڕوانە: Nadir Entessar, *Kurdistan Ethnonationalism*, (Boulder, London: Lynne Rienner Publishers, 1992), p. 14.
شایەنی باسە کە ئەم شێوە بۆچوونەی ئینتیسار یەکجار نزیکە لە بۆچوونی ڕەسمی ئەو کاتەی دەوڵەتی ئێران.



جختیان لە سەر بکرێ.[45] نەك هەر ئەمە، بەلکو سۆڤیەتیەکان لایان وابوو کە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان زوو وەخت (Permature) بوو یا بە مانایەکی تر هێشتا کاتی نە هاتبوو.[46]

لە لایەکی ترەوە بۆچوونی ئەمریکیەکان وە دەسەڵاتدانی تەهران زۆر لە یەکتر نزیك بوو، بەلکو لە هەندێ بازنەشیاندا وەکو یەك بوون. بەڵام لە گەڵ ئەم یەکچوونەش دا سیاسەتەکان لە دوو دید و خاڵی لێوە دەرچوونی جیا هەڵدەقوڵان: حکومەتی ئێران جولانەوەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆماری کوردستانی وەکو کۆمونیست لە قەڵەم دەدا، وە لە هەمان کاتدا ئەمریکیەکانیش هەمان بۆچوونیان هەبوو.[47] هەڵبەتە ئەم شێوە بۆچوونەی ئێران دەربڕی سیاسەتێکی حساب بۆ کراوی تەهران بوو بۆ ئیقناعکردنی ئەمریکیەکان وە بریتانیەکان کە بەڵێ خەتەرێکی کۆمونیستی - سۆڤیەتی لە گۆڕێیە بۆ سەر ئێران. بە لای ئەمریکیەکانەوە لایەنی هاوسەنگی هێزو ئەو گۆڕانانەی کە بوونە هۆی هاتنە کایەی جەنگی سارد، کە تێیدا بۆ ئەمریکیەکان خاڵی زێدە بوونی ڕۆل قورسایی یەکیەتی سۆڤیەت و سیستەمی کۆمونستی مەسەلەی هەرە گرنگ بوو. بەڵام ڕاستیەکەی، سەرکردەکانی کۆمەڵەی ژ.ك. و حدك و کۆماری کوردستان کۆمونیست نەبوون و لاشیان گرنگ بوو کە نەکەونە ژێر کۆنترۆلێکی بەردەوامی سۆڤیەتیەکان. ڕاستیەکەی ڕەوتی جولانەوەی سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان وە سیاسەتی کۆماری کوردستان نەك هەر کۆمونیست نەبوو، بەلکو ڕاست نیە بە هیچ شێوەیەك سیفەتی چەپ و ڕادیکالیشیان بخرێتە پاڵ.[48]

---

[45] بڕوانە: From the American Embassy in London to the Department of State, Nov. 21, 1945, *DSDF, 891. 00/11-2145,NA:*
R. Ramazani, "The Autonomous Republic of Azerbaijan and the Kurdish People's Republic:c: Their Rise and Fall," in *Studies on The Soviet Union*, (West Germany), Vol. 11, No. 4, 1971, pp. 408 –409.
لە ڕاستیدا هەندێ لە کاربەدەستانی ئەمریکیش خۆیان لەو باوەڕەدا بوون کە حکومەتی مەرکەزی لە تەهران سیاسەتی چەوساندنەوەی کەمایەتیەکانی پیادە دەکرد...
From the State Department to certain American Mission, Dec. 12, 1946, *DSDF, 891. 00/12 – 1246, NA.*

[46] بڕوانە: W.N. Howell, Jr. *The Soviet Union and the Kurds: A Study of National Minority Problems in Soviet Policy*, (Unpublished Ph. Dissertation, University of Virginia, 1965), p. 368.

[47] بڕوانە: Rossow, 1956, p. 17; L. Fawcet, *The Struggle for Persia: The Azerbaijan Grisis of 1946*, (Unpublished Ph. D. Dissertation, University of Oxford, 1988), p. 278; p. 17; Pahlavi, 1961, pp. 114 –115.

[48] بڕوانە: L enczowski, G. *Soviet Advance in the Middle East*, (Washington, D.C: American Enterprice Institute for . Public Policy Research, 1971), p. 26; Ghods M.R. *Iran in the Twentieth Century: a Political*

ئەوەی ئاشکرایە سەرانی کۆماری کوردستان وە شاندی دیپلۆماسی ئەمریکی لە تەبریز گرنگییێدان و بەرژەوەندیەکی هاوبەشیان هەبوو لە بوونی هەندێ پەیوەندی و ڕاگۆڕینەوە، دیارە ئەم لە یەکتر نزیکبوونەوانە لە توندی و گەرمیان و لە ئاستی شاندی هەردووك لا و لە خواستی هەر لایەك بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیانە جیاوازی هەبوو لە کاتێك بۆ کاتێکی تر. لە مەش گرنگتر، لە خواست و ویستی پەیوەندی کردن لە گەڵ یەکتردا، هەردوو لای کوردی و ئەمزیکی خاڵی لێوەدەرچوون و ئامانجی زۆر جیایان هەبوو لە مەڕ ئەم پەیوەندیانەدا. بۆ نمونە لە بەڵگەنامەکانی ئەرشیفی نیشتمانی ئەمریکا بۆمان دەردەکەوێ کەوا لە مانگی شوباتی 1946 (نزیکەی مانگێك دوای ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان) سەرۆکی کۆماری کوردستان قازی محەمەد سێ جار پرسیاری لێکراوە لە لایەن روبەرت ڕۆسۆ، جێگری قونسولی ئەمریکی لە تەبریزەوە، کە چاویان بە یەکتر بکەوێت بەڵام قازی محەمەد ئەم داواکارییەی ڕۆسۆی ڕەد کردۆتەوە.[49] بەڵام دوای ماوەی دوو مانگێك قازی محەمەد چاوی بە دوهر، جێگرێکی تری قونسولی ئەمریکی لە تەبریز، کەوت لە بارەگا کاتیەکەی کورد لە تەبریز کە دەکەوتە نزیك قونسولیەی ئەمریکی لە تەبریز. لەم چاوپێکەوتنەدا قازی محەمەد دەری بڕی کە ئەو زۆر حەز دەکا بزانێ کە سروشتی سیاسەتی ئەمریکی بەرامبەر بە کورد چیە. قازی حەزی بەوە دەکرد کە ئەمریکیەکان تەئسیری خۆیان لە سەر حکومەتی تەهران زێدە بکەن بۆ بە دیموکراتی کردنی سیستەمی ئێران. بەڵام دوهر وەڵامی دایەوە کە ئەمریکیەکان ناخوازن دەست لە کاروباری ناوەخۆی ئێران وەردەن. لە گەڵ ئەوەشدا قازی هەر سوور بووە لە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەگەر ئەمریکیەکان ئەم هەنگاوە بهاوێژن، ئەوا ڕیزی ئەمریکیەکان لای کوردەکان زێدە دەبێ، بەڵام ئەم بۆچوون و خواستەی قازی، بە پێی قسەی دوهر "سەر سورهێنەر بوو"[50]. لە هەمان کاتدا، بە پێی سەرچاوە بریتانیەکان، قازی دەیخواست کە ئەمریکیەکان پشتگیری بکەن لە کۆماری کوردستان بەتایبەتی لە بواری پیشەسازی و کشت وکاڵ و فێرکردن.[51] جێگەی سەرنجە کە قازی محەمەد ئەو چاوپێکەوتنەی کردوە لە گەڵ دوهر، کە تیایدا خواستی یارمەتی

---

*History*, (London Adamantine Press Ltd., 1989), p. 143; Eagleton, W. Jr. *An Introduction to Kurdish Rugs and other Weavings*, (N.Y.: Interlink Books, 1988), p. 17.

[49] From Rossow to the Secretary of State, Feb. 20, 1946, *DSDF, 891. 00/2-2046.NA.*

[50] From Dooher to the Secretary of State, April 26, 1946, *DSDF, 891. 00/4 –2646, NA.*

[51] بڕوانە:

From the British Embassy in Tehran to the Foreign Office, April 28, 1946, *FO 371/52702, Persia 1946, PRO.*



ئەمریکیەکانی بۆ کۆماری کوردستان کردوە، لە بارودۆخێکی سایکۆلۆژی و سیاسی تایبەتدا بووە. لە بەرواری چاوپێکەوتنەکە، کە کۆتایی مانگی ئەپریل (نیسان)ە، دیارە کە قازی محەمەد و سەرکردایەتی کۆماری کوردستان ئا لەم کاتەدا هەستیان کردوە بە وەی کە لە یەکتر نزیکبوونەوەی چڕو بە پەلە هەبووە لە نێوان مۆسکۆ و تەهران بۆ گەیشتن بە پەیمانێك و خۆ کێشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران. دیارە ئەم ترسە بۆتە هۆی ئەوەی کە بە لای قازیەوە گرنگ بێت. گەر چی ئیشارەتێکی کەمی یارمەتی و دەستگرتنیش بێت لە لای ئەمریکیەکانەوە، ئەوا ئەوە وەکو یارمەتیدەرێك دەبێ بۆ زامنکردنی مانەوەی کۆمار، هەتا ئەگەر ئێران و سۆڤیەتیش بگەن بە یەکتر. ئەمە لە لایەك، کە چی لە لایەکی ترەوە دوهر وا دەزانێ کە خۆ نزیکردنەوەی قازی لە ئەمریکیەکان هۆکەی دەگەڕایەوە بۆ هەستی سەرکردایەتی کۆماری کوردستان بە وەی کە سۆڤیەتەکان پەیمانی خۆیان بە یارمەتیدانی کۆمار بە چەکی قورس بەجێ نەگەیاندبوو.[52]

گومانی تیا نیە کە خۆ دوورگرتنی ئەمریکیەکان لە دانی هەر جۆرە پەیمانێك بە یارمەتی دانی کۆماری کوردستان، هەر نەبێ بە بیانوی ئەوەی کە نایانەوێ دەست لە کاروباری ناوەخۆی ئێران وەربدەن، ڕێك دەربڕی سیاسەتی پشتگیریکردنی حکومەتی ئێران بوو. بەو مانایەی کە بە ئێرانێکی بە هێز و دۆست بۆ ئەمریکیەکان باشتر و بە شێوەیەکی مسۆگەرتر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداوی فارس و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەپارێزران. وە جگە لە مەش ئێرانێکی لاواز و کەم هێز ریگە خۆشکەر و یارمەتیدەر دەبوو بۆ زێدەبوونی ڕۆڵ و تەئسیری (influence)ی یەکیەتی سۆڤیەت لە ناوچەدا، وە بەپێچەوانەشەوە ئێرانێکی بە هێز و لە سەر پێی خۆ وەستاو دەتوانی ببێ بە رێگرێك و کۆسپێك لە بەردەم سۆڤیەتەکان لە هەوڵەکانیاندا بۆ زێدەکردنی ڕۆلیان لە ناوچەکەدا. هەڵبەتە، بۆ نمونە، لە بۆچوونێکی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوە دەردەکەوێ کە سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر ئێران خۆی لە چەند خاڵێکدا دەردەبڕی: 1. مسۆگەرکردنی سەربەخۆیی ئێران، بەتایبەتی لە پەیوەندیەکانی دەرەویدا، 2. وەدەستهێنانی ئاشتی و ئارامی لە ناو ئێران بۆ ڕێگرتن لە دەستوەردانی دەرەکی(هی یەکیەتی سۆڤیەت) لە کاروباری ناوەوەی ئەم کیشوەرەدا، 3. کارکردن بۆ پێشخستنی باری ئابووری ئێران، وە 4. گەشەپێدانی دامەزراوە دیمۆکراسیەکان.[53]

---

[52] From Dooher to the Secretary of State, April 26, *DSDF, 891. 00/4 –2646, NA.*

[53] بڕوانە:

Policy and Information Statement on Iran Prepared by the Department of State July 15, 1946, *FRUS, 1946*, vol. VII, p. 507.

سیاسەتی بریتانیا بەرامبەر بە کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەر لە ڕۆژانی سەرەتایی داگیرکردنی ئێران لە لایەن بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەت لە سەریەك شێوە و هەڵوێست بەردەوام بو، ئەویش بە کورتی پشتگیری کردن بوو لە حکومەتی مەرکەزی لە تەهران وە پشتکردن بوو لە خواستەکانی جولانەوەی سیاسی لە کوردستان. ئەو هێڵە سەرەکیانەی کە بۆ ئەم سیاسەتی بریتانیایە کێشرابوون لە تشرینی یەکەمی 1941 (هەر وەك لە پێشەوە باسکراوە) هەر بەردەوامیان هەبوو تا جەنگیش کۆتایی هات. بۆ جختکرنەوە لە سەر ئەم هەڵوێستەی بریتانیا، جارێکی تر هەر چەند ڕۆژێك دوای تەواوبوونی جەنگ لە ئەوروپا، سەفارەتی بریتانیا لە تەهران دەنووسێ کە هۆیەکی گرنگ بۆ نەدانی هەر جۆرە یارمەتیەك بە کوردەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەزمونی بریتانیەکان لە گەڵ خێڵە کورد و عەرەبەکانی عیراق لە ساڵی 1920. وە جارێکی تریش دووپات کرایەوە کە خەباتی بریتانیا لە جەنگی دووهەمی جیهانی دا و بەرژەوەندیەکانی ئەم وڵاتە بە باشترین شێوە دەپارێزران لە ڕێگەی پشتگیری کردنی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران.[54] جگە لە مەش لە گۆشەبینینی بریتانیەکانەوە جولانەوەی نەتەوەیی کوردی بە شێوەیەکی سەرەکی سیفەتێکی عەشیرەتی دەگرتە خۆی و دەولەتێکی کوردیش هیچ بنچینەیەکی نە هەژاو (Solid)ی نە بوو.[55] هەر وەها هاتنە کایەی کۆماری کوردستان وەکو فاکتەرێکی هەڕەشەکردن لە بەرژەوەندیەکانی بریتانیەکان دەبینرا لە عیراق. بە مانایەکی تر هەر پێشوەچوونێکی پۆسەتیڤانە لە باری کوردەکانی ڕۆژهەڵات ڕاستەوخۆ کاریگەری نێگەتیڤانەی دەبوو بۆ سەر باری بریتانیەکان لە عیراق، بە مانای جێگەپێ لەقبوونی بریتانیەکان بوو لەم کێشوەرە، بە تایبەتیش نا ڕەحەتی بریتانیەکان لەوەدا بوو کە لە ناو کوردەکانی عیراق دا قەناعەتێکی بە هێز پەیدا بوو بوو کە ئیتر زلهێزێکی تازە (یەکیەتی سۆڤیەتە) هاتۆتە مەیدان و دەکرێ پشت بەم زلهێزە ببەسترێ لە بڕی بریتانیەکان.[56] کە چی ئەم ترسەی بریتانیەکان وە ئەو ڕاستیەی کە لە دیوی سنووریش، لە لاۆژهەڵاتی

بۆ باسێکی فراوانتر لەم بارەیەوە بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 182-183.

[54] بڕوانە: From the British Embassy in Tehran to the Foreign Office, May 17, 1945, *FO 371/45448, Persia 1945, PRO.*

[55] بڕوانە:
From the American Embassy in London to the Department of State, May 14, 1946. *DSDF, 891. 00/5 –1446, NA.*

[56] بڕوانە: Deputy Assistant Political Adviser, Arbil,
„Tour Notes Rawanduz –Rayat, 6 –9 January, 1946 " *FO 371/52369, Iraq 1946, PRO.*
بۆ باسی فراوانتر بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 184 -185



کوردستان، لە یەك نزیکبوونەوەیەکی چریش هاتبوو کایەوە لە نێوان سۆڤیەتەکان و کوردەکان نەبوونە فاکتەرێك بۆ ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی یا هەر گۆڕانێکی کەمیش بە سەر سیاسەتی بریتانیا لە مەڕ کورددا بێت.

## ڕۆخانی کۆماری کوردستان

لە مانگی تشرینی یەکەمی 1946 حکومەتی ئێران بە سەرکردایەتی ئەحمەد قوام السلطنة وە هەروەها لە سەریشەوە شای ئێران بە بڕیارێکی نا دوودڵانە کەوتنە کاروباری گەڕانەوەی ئازەباریجان و کوردستان بۆ ژێر ڕکێفی دەسەڵاتی مەرکەزی. وەکو سەرکردەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ئێران، شا محەمەد ڕەزا پەهلەوی بڕیاری گەڕانەوەی کونترۆلی سەربازی بۆ سەر ئازەباریجان و کوردستان وە بەمەش تێکشکاندنی هەردوو کۆمارەکەی دا.[57] لە 17ی تشرینی دووهەم لەشکری ئێران توانی شاری زنجان، کە دەکەوێتە نێوانی تەهران و تەبریز، داگیر بکات. ئەم ڕووداوە نەك هەر مانایەکی ڕەمزی هەبوو بەلکو ئینزارێکی ڕاستەوخۆ بوو بۆ هەردوو کۆمارەکە و بگرە سەرەتای کۆتاییشیان بوو.

دیارە ئەم ڕووداوە پڕ لە مانایە، کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆی هەبوو بۆ سەر باری سیاسی و لەشکری و سایکۆلۆژی بەرێوەبەرانی کۆماری کوردستان. هەر ئەمەش وای کرد کە لە سەرەتایی کانونی یەکەم، 1946، شاندێك لە حکومەتی کوردستانەوە بنێردرێ بۆ لای دیپلوماتانی سۆڤیەتی لە ڕەزاییە. لە چاوپێکەوتنەکەدا قونسولی سۆڤیەتی لە ڕەزاییە، هاشیموف، شاندە کوردییەکەی دلنیا کرد کە وا چوونی هێزەکانی ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان تەنها بۆ ڕێکخستنی هەڵبژاردنە لەو دوو ناوچەیە دا و هیچی تریش لە پلانی دەسەڵاتدارانی تەهران دا نیە.[58] هەڵبەتە لێرەدا گرنگ ئەوەیە بگوترێ کە کاردانەوەی قونسولی سۆڤیەتی بەم جۆرە شتێکی سەر سووڕهێنەرە وە دەکرێ بۆ سەرکردایەتی کۆماری کوردستانیش وەڵامێکی ئاوها هیوا تێکشکاندن نەبێ هیچی تر نە بوو. لە ڕاستیدا دوورنیە سۆڤیەتیەکان لە ناخیانەوە لە سەر ئەو قەناعەتە بووبن کە مەسەلەی چوونی

[57] بڕوانە:
From Allen, the American Ambassador in Tehran, to the Secretary of State, Nov. 8, 1946, *FRUS, 1946*, vol. VIII, p. 545; Pahlavi, 1961. p. 117.
جورج ئالن لە مانگی مایس 1946 کرا بە سەفیری ئەمریکا لە تەهران، وە لە مانگی حوزەیرانی هەر ئەو ساڵ لە تەهران دەستی بەکار کرد.

[58] Eagleton, 1963, pp. 107-112.

لەشکری ئێران بۆ ئازەربایجان و کوردستان تەنها بۆ رێکخستنی هەڵبژاردن نەبووە بەڵکو مەبەست کوتایهێنانە بە هەردووك کۆمارەکە؛ ئەمە بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیەی کە بە درێژایی ساڵانی بوونی هێزەکانی سۆڤیەت لە سەرووی ئێران، دەسەڵاتدارانی ئەم کیشوەرە هەوڵی بەردەوامیان بۆ گەڕاندنەوەی دەسەڵاتی مەرکەزی بوو بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان. بۆ ئەم مەبەستەش ئێران چ لە قۆڵی پەیوەندیە دیپلوماسیەکانی ڕاستەخۆ لە گەڵ سۆڤیەت، چ لە ڕێگەی بەکاربردن و سوود وەرگرتن لە فشاری زلهێزە رۆژئاواییەکان وە زۆر بەتایبەتیش هی ئەمریکا و دوایش سوود وەرگرتن لە نەتەوە یەکگرتوەکان[59] وە چ بە شێوەی بینەو بەردەیەکی ڕاستەوخۆ لە گەڵ سەرانی ئەم دوو کۆمارەدا، بەتایبەت هی ئازەربایجان، هەوڵی بێ ووچانی دەدا بۆ گەڕانەوەی هێزەکانی بۆ ئازەربایجان و کوردستان. مرۆڤ دەتوانێ پرسیار بکا ئەگەر پرۆسەی سیاسی و پێشوەچوونە مێژووییەکە بەم شێوەیە بووبن، چۆن دەکرێ یەکیەتی سۆڤیەت لەم هەموو کێشمە کێشمە نامۆ بوو بێت، وە ئەگەر نامۆ نەبووە چۆن دەکرێ ئاوها بە ئاسانی بە ئەو تەفسیرە ڕەسمییەی ئێران، کە گوایە هێز دەنێرن بۆ رێکخستنی هەڵبژاردن، بەبێ سێ ودوو قانع بووبێ؟.

دوا بەدوای کەوتنی زنجان و هێرشی هێزەکانی ئێران بەرەو تەبریز، بە ڕوونی بۆ کاربەدەستانی کۆماری کوردستان دەرکەوت کە، بەبێ هیچ پشتیوانیەك، بە تەنیا بەرەو ڕووی هێزەکانی ئێران دەبنەوە وە لەم قەناعەتەش دابوون کە پاشە ڕۆژی کۆماری کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر پابەندە بە مەسەلەی مان ونەمانی کۆماری ئازەربایجان. لە ڕاستیشدا هەر لە گەڵ کەوتنی تەبریز، بەشی هەرە گرنگ لە سەرکردایەتی کۆماری کوردستان کە هەر سێ قازی (قازی محەمەد، حوسێن سەیفی قازی و سەدری قازی) وە بابا شێخ خۆیان لە 16ی کانونی یەکەم، 1946 دایە دەست لەشکری ئێران. هەر ڕۆژی دوایی واتە 17ی کانونی یەکەم هێزەکانی ئێران هاتنە ناو مەهابادەوە وە بەمەش کۆتایی هات بە کۆماری کوردستان. لێرەدا پێویستە بگوترێ کە هەر چەندە کەسانێکی زۆر وە لەمانیش مستەفا بارزانی وە سەرەك کۆماری ئازەربایجان، جەعفەر پیشەفەری، داوایان لە قازی محەمەد کرد بوو

[59] شایەنی تێبینیە کە سکاڵای ئێران لە لای نەتەوە یەکگرتووەکان یەکەم کێشە بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان کاری لە گەڵدا کرد وە بە مەش کێشەی ئێران، بە تەواوەتی لە سەر کێشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت بوو، وەك حاڵەتێکی تاقیکردنەوە (test case)یکی زۆر گرنگ تەماشا دەکرێ لە سەرەتای دەستبەکاربوونی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان.



که خۆی نە داتە دەستەوە وە قازی خۆیشی دەیزانی بە ئیحتمالی زۆر لە سێدارە دەدرێ، لە گەڵ ئەوەشدا هەر خۆی دایە دەستەوە.[60]

## رۆخانی کۆمار لە چوارچێوە نێونەتەوەییەکەیدا

بێگومان ڕوخانی کۆماری کوردستان جگە لە چوار چێوە نێونەتەوەییکەی، چەند رەهەند و لایەنی تری گرنگی هەن وە بەتایبەتی هۆکارە ناوخوییەکان (ناوخۆی کۆماری کوردستان) وە ناوخۆییەکانی ئێران بە گشتی. ئەم لایانە لە شوێنی جۆراجۆر لە لایەن نووسەر و لێکوڵەری جودا جودا باسی لێوە کراوە.[61] بە مەبەستی دەرنەچوون لە چوارچێوەی ئەم باسەدا، ئەوا لایەنە نێو نەتەوەییەکەی کەوتنی کۆماری کوردستان دەکەین بە بابەتی ئەم بەشەی باس. هەڵبەتە لەم بەشەی باس پەیوەندیە دیپلوماسیەکانی ئێران و خەباتی دیپلوماسی ئەو وڵاتە بۆ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و تێکشکاندنی کۆماری کوردستان لە ناو چوارچێوە نێونەتەوەییەکەیدا هەڵدەسەنگێندرێ و باسی لێوە دەکرێ.

یەکێك لە مەسەلە هەرە گرنگەکان کە ڕاستەوخۆ بابەتێکی سەرەکیە لە ناو پەیوەندیەکانی ئێران بە زلهێزەکانەوە و پەیوەندی سیاسی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران بە یەکترەوە و پەیوەندیەکانی هەرسێ زلهێزەکە بە یەکترەوە، بابەتی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتە لە ئێران. هەر لێرەشەوە پێویستە ئەوە بگوترێ کە کشانەوەی هێزە چەکدارەکانی سۆڤیەت لە ئێران چارەنووسساز بوو بۆ ڕۆخانی کۆماری کوردستان. دیارە ئەم ڕەهەندانە بە یەکەوە، کە لە ناوەڕاستەکەی مەسەلەی کشانەوەی هێزە سۆڤیەتیەکان جێ دەگرێ، ڕاستەوخۆ ئامانجی ئەم بەشەی ئەم باسەی بەردەستن.

ماوەیەکی کەم دوای داگیرکردنی باکوور و باشووری ئێران لە لایەن سۆڤیەت و بریتانیاوە، ڕوونتر بڵێین لە ساڵی 1942 وە، ئێران بە شێوەیەکی چڕ و بەردەوام جختی دەکرد لە سەر مەسەلەی (دەستتێوەردانی) سۆڤیەت لە کاروباری ناوخۆی ئێراندا وە هەر لە گەڵ تەواو بوونی جەنگی دووهەمی جیهانیش مەسەلەی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەتی ڕاستەوخۆ بەستەوە بە کێشەی دەستتێوەردان.[62] هەڵبەتە مەسەلەیەکی هەرە گرنگ لە بابەتی

[60] تفریشیان، 1967، ل 96 - 97 ؛ الحزب الديمقراطي الكردستاني، *المسيرة التاريخية الى الاتحاد السوفياتي*، (قسم الاعلام في المكتب السياسي للحزب الديمقراطي الكردستاني ـ العراق، 1982)، ل 9.

[61] بۆ لێکۆلینەوەیەك دەربارەی لایەنی ناوخۆیی (کۆماری کوردستان) وە ئێرانی (ناوخۆی ئێران) لە کەوتنی کۆماری کوردستان، بڕوانە بۆ نموونە: Yassin, 1995 pp. 188-191

[62] بڕوانە بۆ نموونە: Yassin, 1995, pp. 191-192.

کشانەوەی سۆڤیەت لە ئێران ئەوە بوو کە ئێران هەر زوو توانی ئەم بابەتە بە نێودەوڵەتی (تدویل) بکات. بە مانایەکی دیکە هەر لە ناو گەرمەی بەردەوامی جەنگدا ئێران توانی پشتگیری ئەمریکا مسۆگەر بکات لە مەڕ پێویستی کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت و بریتانیا هەر کاتێ جەنگ کۆتایی پێ هات. ئەم پێشوەچوونە لە شێوەیەکی کۆنکرێت خۆی دەردەبڕی لە وەی کە ئەمریکا مەسەلەی کشانەوەی سۆڤیەت و بریتانیای لە خاکی ئێران خستە سەر خشتەی کاری (agenda)ی کۆنفرانسی تەهران (کانونی یەکەمی 1943).[63] لە ڕاگەیاندنی کۆتایی کۆنفراس دەربارەی ئێران، هەرسێ زلهێزەکە کە کۆنفرانسەکیان لێ پێکدەهات (ئەمریکا، بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەت) جختیان کرد کە هەرسێ هێزەکە ڕایان یەکە لە گەڵ حکومەتی ئێران لە خواستی ئەم حکومەتەدا بۆ مانەوەی (سەربەخۆی و سەروەری و یەکپارچەی خاکی ئێران).[64]

لە گەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی جەنگ، ئێران بە شێوەیەکی ڕەسمی داوای کشانەوەی هێزەکانی وڵاتانی سوێندخۆر، وە بەتایبەتی هێزەکانی سۆڤیەتی، بە بەردەوامی دەکرد. لە لایەکی ترەوە، بریتانیەکان ترسیان هەبوو لەوەی هەر چەندە گەر ئەوان هێزەکانیشیان بکێشنەوە ئەوا دوورنیە سۆڤیەتەکان هەر بمێنەوە لە ئێران. لە بەر ئەوە بریتانیەکان پێشنیاریان کرد کە یا ئەوەتا ئەمان و سۆڤیەتەکان لە یەك کاتدا هێزەکانیان بکێشنەوە؛ یا ئەوە تا ئەم دوو هێزە ئێران دابەش بکەن بە پێی هێڵەکانی 1907.[65] بە هەرحاڵ، لە گەڵ تەواو بوونی جەنگ لە ئەوروپا لە سەرەتای مانگی مایسی 1945، ئێران بە تینێکی زێدەتر بەردەوام بوو لە هەوڵەکانی بۆ کشانەوەی هێزەکان. بۆ نموونە لە کۆنفرانسی مۆسکۆ (30 کانونی یەکەمی 1945) دیسان مەسەلەی کشانەوەی هێزەکان، وە بەگشتی کێشە ناوەخۆ و دەرەکیەکانی ئێران بوونە خاڵێکی گرنگی باس لێوەکردن لە کۆنفرانسدا. ئەوەی جێگەی سەرنجە کە لەم کۆنفرانسەدا

[63] Memorandum by Jahn. D Jernegan, Jan. 23 1943, *FRUS, 1943*, vol. IV. P. 334.

[64] بڕوانە بۆ نموونە:
US Department of State, *A Decade of American Foreign Policy: Basic Decuments, 1941-1949*, (Washington: Government Printing Office, 1950), p. 24
بە پێی هەندێ بۆچوون ئەم گرنگی دانەی ئەمریکا بە بابەتی ئێران و ڕاگەیاندنی کونفرانسی تەهران ڕاستەوخۆ دەربڕی قەناعەتێکی نوێ بوو لە مەڕ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لە ئێران. بڕوانە:
Fawcett, L. „Invitation to the Cold War: British Policy in Iran 1941-1947," in Ann Deigtom, (ed.) *Britain and the First Cold War*, (London: Macmillan, 1990), p.190.

[65] From Anthony Eden to Winston Churchill, Jan. 1, 1945, *FO 371/45462, Persia 1945, PRO.*



وە لە سەر پێشنیاری ئێرنست بێڤین، وەزیری دەرەوەی بریتانیا، لیژنەیەکی سێ قولی/ سێ لایەنی (Tri-Partite Commission) کە لە نوێنەرانی سۆڤیەت، ئەمریکا و بریتانیا پێك دەهات دەمەزرا. وا بڕیار درا کە ئەم لیژنەیە کار بکات لە گەڵ کێشە ناوەکی و دەرەکیەکانی ئێراندا وە یارمەتی ئەو وڵاتە بدات بۆ چارەکردنیان. یەکێ لە ئامانجەکانی ئەم لیژنەیە دامەزراندنی ئەنجومەنی ئیقلیمی (Provincial Cauncils) بوو لە کوردستان و ئازەربایجان، وەکو بەشێك لە چارەکردنی مەسەلەی کەمە نەتەوایەتیەکان. ئەم ئەنجومەنەش لە ڕۆشنایی دەستوری ئیران دادەمەزران.[66] لەم دەرفەتەدا دەتوانین زۆر بە کورتی بلێین کە لەبەر ئەوەی ئەم سێ زلهێزە بۆچوونی جیا جیایان هەبوو لە مەڕ کارو ئامانجەکانی ئەم لیژنەیە، وە بەتایبەتی لە بەر ئەوەی کە هەڵویستی ئێران ڕوون و ئەرێنی نەبوو لە باری ماهیەتی ئەم لیژنەیە، کاری لیژنە بە هیچ نە گەیشت.[67]

لە گەڵ ئەوەشدا کە ئەمریکا لە گەڵ دامەزراندنی لێژنەکە دا بوو، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم زلهێزە بە توندی دەیخواست کە ئێران کێشەکەی لە مەڕ کشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت بخاتە بەردەم نەتەوە یەککگرتوەکان، وە لەم حاڵەتەشدا ئێران دلنیا کرا بوو کە پشتگیری تەواوەتی ئەمریکای مسۆگەرە.[68]

لە 19ی کانونی دووەمی 1946 واتە هەردوو ڕۆژ دوای کردنەوەی کۆبوونەوی یەکەمی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەککگرتوەکان، ئێران سکاڵاکەی خستە بەر دەمی ئەم دامەزراوە نێو دەوڵەتیە، کە ناوەڕۆکەکەی دوو شت بوو: 1. دەستتێوەردانی یەکیەتی سۆڤیەت لە کاروباری ئێران بەتایبەتی لە ڕێگەی پشتگیری کردنی کورد و ئازەریەکان، وە 2. ڕەفزکردنی سۆڤیەتیەکان بۆ خۆ کێشانەوە لە ئێران.[69] هەر چەندە لەم کۆبوونەوەی

[66] بڕوانە: Fawcett, 1990, pp. 193-194. Bullard, 1961, pp. 266-267.
بۆ ئەم لیژنەیە ناوی جیاجیا بەکار هاتوون وەکو لێژنەی سێ لایەنی یا سێ قۆڵی (Tri-Partite Commission) وە لێژنەی سێ هێز (Three Power Commission) لەم باسەدا زۆر بە کورتی ئامازە بۆ ئەم لێژنەیە دەکەم بەڵام لە بەر گرنگی مەغزاو ڕۆڵی چاوەڕوان کراو و چارەنووسی ئەم لێژنەیە، بە هیوای ئەوەم لە دەرفەتێك دا باسێکی تایبەتی لە سەر بنووسم.

[67] بۆ باسێکی تێروتەسەڵ تر بڕوانە: Yassin, 1995 pp. 196-198

[68] بڕوانە:
Memorandum of Conversation by Deam Acheson, the Under Secretary of State, Jan. 3, 1946,*FRUS, 1946*, Vol. VII, p. 294.

[69] بڕوانە: United Nations, *Official Records*, First Year: First Series, *Supplement* No. 1, pp. 16-25 -73
بۆ لێکۆلینەوە لەم بارەیەوە بڕوانە، بو نمونە: Tabori, 1967, pp.235-238.
Thomas, L. and Frey, R., *The United States and Turkey and Iran*,(Combridge,Maddachusett: Harvard University Press, 1952), p. 237.

ئەنجومەنی ئاسایش دا بڕیار درا کە مەسەلەکان وا باشترە دوو لایەنی (لە نێوان ئێران و یەکیەتی سۆڤیەت دا) گفتوگۆی لە سەر بکرێ،[70] بەلاّم دیسان ئێران هەر بەردەوام بوو لە هەولّەکانی کە لە ڕێگەی فشارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان سۆڤیەت والێ بکات خۆی بکێشێتەوە لە ئێران. ئاشکرایە کە یەکێ لە هۆیەکانی پێداگرتنی ئێران لە سەر خۆ کێشانەوی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت ئەوە بوو کە حکومەتی ئێران وە بگرە کوردەکان و ئازەربایجان و زۆر لایەنی نێو نەتەوەییش، بەتایبەتی ئەمریکیەکان، هەر زوو بە تەواوەتی لەو باوەڕە دابوون کە چارەنووسی کوردستان و ئازەبایجان یەکسەر پەیوەستە بە مەسەلەی مانەوە یان خۆکێشانەوەی هێزە سۆڤیەتیەکان لە ئێران.[71]

لە 4ی نیسانی 1946 سۆڤیەتیەکان و ئێرانیەکان گەیشتنە پەیمانێك کە تیایدا سۆڤیەتیەکان قەبوولیان کرد لە ماوەی 5 ـ 6 هەفتە لە ئێران بکشێنەوە، وە مەسەلەی ئازەربایجان[72] بە مەسەلەیەکی ناوەخۆی ئێران لە قەلەم درا وە یەکیەتی سۆڤیەت ئیمتیازاتی نەوتی لە باکووری ئیران بە دەست هێنا. لە ڕۆشنایی ئەم پەیمانە، هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت کشانەوە لە ئیران.[73]

---

[70] بڕوانە: Nollau, G. and Wiehe, H. *Russias South Flank: Operations in Iran, Turkey and Afghanstan*, (London, Dunmow: Pall Mall Press, 1963), pp. 32 –33.

[71] بڕوانە: From Rossow to the Secretary of State, Feb. 11, 1946, *FRUS, 1946*, Vol. VII, p. 333; From Ebling to the Secretary of State, Feb. 9, 1945, *DSDF, 891. 00/2 – 945 05/EG, AN*; From Ebling to the Secretary of State, Feb. 24, 1945, *DSDF, 891. 00/2 –2445 05/EG, AN*; From the American Embassy in Tehran to the Secretary of State, April 27, 1946, *DSDF, 891. 00/4 –2746, NA*.

[72] ئاشکرایە کە ووشەی کوردستان یا کێشەی کوردستان نە هاتوون لە ناو تێکستی پەیمانی ئیران و یەکیەتی سۆڤیەت. ئەمە مانای ئەوە ناگەیێنێ کە ئیران و یەکیەتی سۆڤیەت حسێبیان بۆ کوردستان و کێشەی کوردستان نەرکردوە بەلکو بە ئیحتمالی زۆر لە ناو ووشەی ئازەربایجان یا کێشەی ئازەربایجان بە شێوەی زیمنی جێگەی کراوەتەوە. لە مەشدا ئیران و یەکیەتی سۆڤیەت تەنیا نەبوون بەلکو هەموو لایەنەکانی تری پەیوەندیدار بە قەیران و کێشەی ئێران زیاتر ئازەربایجان، کێشەی ئازەربایجان وە یا قەیرانی ئازەربایجانیان بەکار دەهێنا وەکو تەعبیر لە هەردوو کێشەکەی ئازەربایجان و کوردستان. تەفسیری ئەم حالّەتەش دەتوانرێ بە زۆر شێوە بکرێ: بە لای هەندێ لە ئەکتەرەکان کێشەی ئازەربایجان گرنگتر و سەرەکی تر بوو؛ لە هەندێ حالەتی تر ویستراوە کوردستان و کێشەکەی بە پەراوێز بکرێ. ئەمە بە تایبەتی ڕاستە کە باس دێتە سەر دەسەلاتدارانی تەهران و ئازەریەکان وە شێوەی تێڕوانینی ئەم دوو ئەکتەرە لە دۆزی کورد؛ لە هەندێ حالّەتی تریش بە مانای ئەوە هاتووە کە بەلّێ هەر جۆرە چارەیەك یا تێکشکانی جولانەوەی سیاسی ئازەریەکان و کۆمارەکەیان بە بێ سێ ودو تێکشکانی ڕاپەرینی کوردەکان و کۆمارەکەیان مسۆگەر دەکات.

[73] بڕوانە: From Murray to the Secretary of State, April 4, 1946. *FRUS, 1946*, vol. VII, pp. 405 – 406; Bullard, Sir R. *Britain and the Middle East: From the Earliest Tirnes to 1950*, (London: Hutchinson Hiuse, 1951), p. 142.



وەکو پێشتر باسکرا، خۆ کێشانەوەی هێزەکانی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ کاری کردە سەر بە هێزبوونی مەوقفی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران و بە ئەنجام هێرش کردنە سەر هەر دوو کۆمارەکەی ئازەربایجان و کوردستان و کۆتایی پێهێنانیان. لە ڕاستیدا پشتگیری نەکردنی یەکیەتی سۆڤیەت لە کۆماری کوردستان و ئازەربایجان لەو کاتەی کە ئەم دوو کۆمارە بەرەو ڕووی هێرشی لەشکری ئێران دەبوونەوە، نەك هەر چاوەڕوان نەکراو بوو بۆ چاودێری سیاسی و کاربەدەستانی ئەو کاتەی ئێران و ئەمریکا، بەلکە جێگەی سەرسوڕمانیشیان بوو.[74] گرنگە لێرەدا بگوترێ کە وا خۆ کێشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت باس و لێکولینەوەی زۆری لەسەر کراوە و هۆی جوراوجور باس کراوە وە لە ئاکامی لێکۆلینەوەی زیاتر بۆمان دەرکەوتوە کە نەك هەر مێژوونووسان بیرو بۆچوونی جیا جیایان هەیە لە مەڕ ئەم مەسەلەیە بەلکو بگرە بۆچوونی کاربەدەستان و دیپلوماتانی ئەو کاتەی ئەمریکاش بۆچوونێکی یەکبوویان نەبووە، هەتا بگرە دژایەتیش لە بۆچوونەکانیاندا تێبینی دەکرێ.[75]

هەلّبەتە لە سەرەوە دەوری یەکیەتی سۆڤیەت و پەیوەندیەکانی لە گەلّ کۆماری کوردستان باسکرا وە هەر لە وێشدا کەم یا زۆر ئاماژەکرا بە ڕۆلّی ئەمریکا و بریتانیا. بەلاّم ڕۆلّی ئەم دوو زلهێزە ڕۆژئاواییە پێویستی بە لێدوانێکی زیاتر هەیە.

ئەوەی ڕاستی بێت لە زۆر لە لێکۆلینەوەکان دەربارەی کورد چەمکی هێزە ڕۆژئاواییەکان (ئەمریکا و بریتانیا) مان بەرچاو دەکەوێ وەکو ئەوەی ئەم دوو هێزە کەم یا زۆر ڕۆلێکی نێگەتیڤی یەکسانیان دیبێ لە کەوتنی کۆماری کوردستان، بەتایبەتی ڕۆلی پراکتیکیان لە ڕۆژانی کۆتایی تەمەنی کۆماردا.[76] لە کاتێکدا ئێمە هیچ بەلگەیەکی قەتعیمان بە دەستەوە نیە کەوا بریتانیەکان چالاکانە دەوریان بووبێ لە ڕێگە خۆشکردن بۆ خستنی کۆمار، کەچی ئەمریکا ئەم ڕۆلە چالاکەی بینیوە. جگە لەوەی کە ئەمریکیەکان فشاری زۆریان خستە سەر یەکیەتی سۆڤیەت، ڕاستەوخۆ وە ناڕاستەوخۆ، بۆ کشانەوە لە ئێران، ئەوان (واتە ئەمریکیەکان) ڕاستەوخۆ پشتگیری ئیرانیان کرد لە هەلمەتی کۆتایی هێنانی بوونی کۆماری کوردستان؛ بۆ نموونە سەفیری ئەمریکا لە تەهران جورج ئەلن ڕۆلێکی گرنگی بینی لە ڕێکخستنی

---

[74] From Allen to the Secretary of State, Dec. 23, 1946, *FRUS, 1946*, vol. VII, p. 565.

[75] بۆ باسێکی دوور ودرێژتر بڕوانە: Yassin, 1995, pp.. 200 –201.

[76] بڕوانە بۆ نموونە: Koohi–Kamáli, F. „*Nationalism in Iranian Kurdistan*,". in Philip G. Kreyenbruek, & Sperl, S. (eds.) *The Kurds: A Contempoary Overview*, (London, . New York: Biddles Ltd., 1992), pp. 177 –179; Jwaideh, W. *The Kurdish National Movement: Its Origins and Development*, (Unpublished Ph. D. Dissertation, Syracuse University, 1960), p. 851.

چاوپێکەوتنێك لە نیوان سەرەك وەزیرانی ئێران قوام السـلطنة وە عەمەر خانی شکاك (کە کەسایەتیەکی گرنگی لەشکری کۆمار بوو وە خێلەکەشی هێزێکی پشتگیری گرنگ بوو بۆ کۆمار)، بە مەبەستی ئەوەی کە عەمەر خان هەر زوو واز بێنێ لە کۆمار بەر لە دەستپێکردنی هەلمەتی سەربازی.[77] ئەوە بوو هەر زوو کە هەندێ عەلامەتی کەوتنی ئازەربایجان دەرکەوتن خێلی شکاك و هەرکی وازیان لە کۆمار هێنا.[78] لە ڕاستیشدا ئەمریکیەکان هەولّەکانیان یەکجار چڕو هەمەلایەنتر کرد بۆ بە هێزکردنی ئێران لەوکاتەی کە ململانێ خەستتر بوو لە سەر بون و نە بوونی کۆماری کوردستان و ئازەربایجان. یارمەتیدانی ئەمریکا بۆ نموونە لایەنی ئابووری و ئاسایشی دەگرتەوە جگە لە پشتگیری سیاسی و دیپلوماسی. هۆیەکی سەرەکی ئەم هەموو یارمەتی و پشتگیریەش بۆ قەناعەتی ئەمریکیەکان دەگەڕایەوە کە بەلّێ ئێرانێکی بێهێز ناتوانێ بەرامبەر فشاری سۆڤیەت و بریتانیا بوەستێ.[79] هەر وەها ئێرانێکی بە هێزتر باشتر لە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکادا دە بوو.[80]

مەسەلەیەکی تر کە ڕاستەوخۆ ڕۆلێکی گرنگی بینی لە خۆ کێشانەوەی سۆڤیەتیەکان ئەو گەمە دیپلوماسیە بوو کە ئێران کردی. ئەم دیپلوماسیە بە شێوەیەکی زۆر کورت دوو شێوەی یا ڕووی بە ڕوالّەت دژ بە یەکتر بەلاّم لە ڕاستیدا تەواوکەری یەکتری تیابوون: ئەم دپلوماسیە لە لایەکەوە تا دەکرا هەولّی فشار خستنە سەر و زۆر بۆهێنان بوو بۆ سۆڤیەتەکان بۆ خۆ کێشانەوە، بە تایبەت لە ڕێگەی تێکەلاوکردنی ئەمریکا و مسۆگەر کردنی پشتگیریەکەی، وە لە لایەکی تریشەوە تا دەکرا نیشاندانی ڕووی نەرمی لە یەکتر گەیشتن لە پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە گەلّ سۆڤیەتیەکان. لەم ڕووی دواییەوە ئێران دەیخواست وا لە سۆڤیەت بگەیێنێ کە ئەم ولاّتە دەتوانێ جیرانێکی چاك بێ و بەرژەوەندیەکانی یەکیەتی سۆڤیەتیش ڕەچاو بکات. وەکو دیارە لە سەرەوە ڕووی یەکەمی ئەم دیپلوماسیەتە خراوەتە بەر تیشکی باس بەلاّم لای دووەمیان لێرەدا پێویستی بە زێدتر لێکۆلینەوەیە.

هەر زوو لە کۆتایی کانونی یەکەمی 1945 شای ئێران بیری لە وە کردەوە کە سەرەك وەزیران (ئیبراهیم حەکیمی) بگۆڕێ بە یەکێکی تر کە ئەمیش قوام السـلطنة بوو. لە کۆتایی کانونی دووهەمی 1946 قوام کرا بە سەرەکی وەزیرانی ئێران. هەر وەك سەفیری ئەو کاتەی ئێران لە لەندەن ووتی

[77] بڕوانە: Memorandum of Conversation by Allen, enclosure to Dispatch No. 312, Feb. 27, 1947. *DSDF, 891. 00/2547, NA.*

[78] Eagleton, 1963, p. 112.

[79] Yassin, 1995, pp. 202 -204.

[80] Fawcett, 1988, pp. 301-302.



"ڕوسەکان پێشوەخت ئەویان [قوام] دەویست بەرپرسیی [سەرەك وەزیران] وەرگرێ".[81] ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە قوام هەرچی سۆڤیەتیەکان ویستویانە کردوویەتی. بەلکو بە پێچەوانەوە بە توندی پێی داگرت لە سەر هەندێ لەو خالاّنەی کە بۆ ئێران قەبوولّ نە بوون، بەلاّم لە هەمان کاتدا بەردەوام هەولّی ئەوەی دەدا کە جێگەیەکیش بدات بە داواکاریەکانی سۆڤیەت. ڕاستە کە لە سەفەری یەکەمی بۆ مۆسکۆ لە 19ی شوباتی 1946 (کە سێ هەفتەی خایاند) داواکاریەکانی سۆڤیەتیەکانی ڕەد کردوە کە بریتی بوون لە: 1. ئیران بە ڕەسمی حکومەتی ئازەربایجان بناسێنێ، 2. کۆمپانیایەکی هاوبەشی ئێران - سۆڤیەتی نەوتی باکووری ئێران دەربهێنێ ، 3. هەندێ هێزی سۆڤیتی لە ئێران بمێنێتەوە.[82] گرنگە لێرەدا ئەوە بگوترێ کە ووشەی کورد و ناوی کۆماری کوردستان، نە بە زۆر نە بە کەم، لەم داواکاریانەی یەکیەتی سۆڤیەتدا نە هاتووە.[83] بە هەرحالّ، هەر ئەو کاتە قوام لەو بڕوایەدا بوو کە ئەگەر سۆڤیەتیەکان کەوتنە ئەمری واقعەوە، ئەوا نەوت تەفزیل دەکەن لە سەر مەسەلەی ئازەربایجان.[84]

لە لایەکی ترەوە بەر لە گەڕانەوەی قوام لە مۆسکۆ ئەمریکیەکان شای ئیرانیان هاندا کە خۆگر بن بەرامبەر داواکاریەکانی یەکیەتی سۆڤیەت وە هەر وەها هانی قەوامیشیان دا، بە هەمان مەبەست، دوای گەڕانەوەی لە مۆسکۆ.[85] بە هەرحالّ لە گەلّ ئەم هەلوێستە توندەی ئەمریکا و پشتگیری ئەم ولاّتەش بۆ ئێران، دیسان قوام و دیپلوماسیەتی ئێران بەردەوام بوون لە دوو هێلی هاوتەریب (متوازی) لە لایەك هەولّ بۆ گەیشتن بە لە یەکتر گەیشتنێك لە گەلّ یەکیەتی سۆڤیەت ڕاستەوخۆ، وە لە لایەکی ترەوە بەکار هێنانی هەر شێوە فشارێك بۆ سەر ئەو ولاّتە بۆ خۆ کێشانەوە لە ئێران.[86] لە ڕاستیدا هەلویستی ئێران لە گفتوگۆکانیدا لە گەلّ یەکیەتی سۆڤیەت توندتر و بە هێزتر

[81] The New York Times, Dec. 2, 1945. شایەنی باسە کە حەکیمی و قوام هەردووکیان هەمان هەلوێستی نێگەتیڤانەیان هەبوو بەرامبەر بە مەسەلەی بوونی سۆڤیەت و کۆماری کوردستان و ئازەربایجان، بەلاّم ئەوەی فەرق بوو شێوەی نزیکبوون بوو لە مەسەلەکان و تەکتیکی کار لە گەلّدا کردنیاندا بوو. بڕوانە:
Ramazani, R. *Iran's Foreign Policy 1941 –1973: A Study of Foreign Policy in Modernzing Nations*, (Charlottesville: University Press of Virginia, 1975) p. 116.

[82] بڕوانە بۆ نموونە: Lenczowski, 1949, pp. 295-296.

[83] دیسانەوە ئەمەش نیشانەی بە پەراوێزکردنی فاکتەری کوردی و کێشەی کوردستانە. بۆ بۆچوونێك لەم بارەیەوە بڕوانە پەراوێزی ژمارە 72 لە سەرەوە.

[84] From Allen to the Secretary of State, Sep. 6, 1946, *FRUS. 1946*, Vol. VII, p. 514.

[85] From Murray to the Secretary of State. March 10, 1946, *FRUS. 1946*, Vol. VII, p. 346.

[86] بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 204-208

کەوت کاتێك کە ئێرانیەکان بۆیان دەرکەوت کەوا ئەمریکیەکان بە بێ سێ ودوو پشتیان دەگرن بە تایبەت لە سەر ئاستی هەلس و کەوت کردن لە گەڵ قەیرانی ئێراندا لە چوار چێوەی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.[87] بەم پێیە، لە کاتێکدا ئێران بەردەوام بوو لە گفتوگو لە گەڵ یەکیەتی سۆڤیەتدا دوای ڕەد کردنەوەی سێ مەرجەکەی سەرەوەی یەکیەتی سۆڤیەت، ئێران جارێکی تر، ئەم جارەیان بە پشتگیری ئەمریکا و بریتانیا، لە مانگی مارس (ئادار) ی 1946 کێشەکەی لە گەڵ سۆڤیەتیەکاندا خستەوە سەر مێزی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان. ئەمەشیان کە فشارێکی تازە و جیدی بوو بۆ سەر یەکیەتی سۆڤیەت؛ ئەم وڵاتە داوای کرد کە گفت وگۆکانی ئەنجومەنی ئاسایش دوا بخرێن بۆ 10ی نیسان. ئەوە بوو لە 4ی نیسان، لە سەر هەندێ پێشنیاری تازە، ئێران و یەکیەتی سۆڤیەت گەیشتن بە سیغەیەکی لە یەکتر گەیشتن لە سەر بنچینەی خۆ کێشانەوەی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران وە ئیعتبارکردنی مەسەلەی ئازەربایجان وەکو کێشەیەکی ناوەوەی ئیران. بەرامبەر ئەمە یەکیەتی سۆڤیەت ئیمتیازی نەوتیی لە باکووری ئیران پێ بدرێ. بەمەش بۆچوونە سەرەتاییەکەی قوام دەرکەوت کە لە هەموو حاڵەتێك دا یەکیەتی سۆڤیەت نەوت تەفزیل دەکات لە سەر مەسەلەی ئازەربایجان.[88] بە پێی ئەم بە یەکتر گەیشتنە، هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە مانگی مایس دەستیان کرد بە خۆ کێشانەوە.[89]

## دوا بە دوای ڕۆخانی کۆمار

لە گەڵ کەوتنی کۆماری کوردستان وا پێدەچوو کە چەکدارە بارزانیەکان بە سەرکردایەتی بارزانی بەرپەرچی هێرشی لەشکری ئێران دەدەنەوە. بەڵام

87 UN, *OR, Supplement* No. pp. 44 -45.

88 بڕوانە: UN, *OR, Supplement* NO. 2, p. 44; Hess, G. "The Iranian Cisis of 1945 -1946 and the Cold War," in *Political Science Quarterly*, vol. 89, NO. 1, (March, 1947), pp. 137 -138; Mark, E. "Allied Relations in Iran, 1941 -1947: The Origins of a Cold War Crisi," in *Wisconsin Magazine of History*, NO. 59, (Autumn 1975), pp. 61 – 62.

89 فاکتەرێکی تریش کە یارمەتی خۆکێشانەوەی سۆڤیەتی لە ئێران دا ئەوە بوو کە هێزەکانی ئەمریکا هەر زوو لە مانگی کانوونی دوهومی 1946 وە دواتریش دوا هێزەکانی بریتانیاش لە 2ی ئاداری 1946 ئێرانیان جێهێشت. ئەمە نەك هەر سۆڤیەتیەکانی مەحروم کرد لە هەر جۆرە بیانۆیەك، بەڵکە دەشێ ئەم هەنگاوەی بریتانی و ئەمریکیەکان جۆرە دڵنیاییەکی لای سۆڤیەتیەکان خولقاند بێ کە بەڵێ ئیتر لەشکری ئەم دوو وڵاتە لە سنووری یەکیەتی سۆڤیەتی دوور کەوتون بەم شێوەیە بوونی سەربازیان لە ئێراندا، کە سنوورێکی دوور درێژی هاوبەشی لە گەڵ یەکیەتی سۆڤیەتی دا هەیە، هیچ گرنیەکی نەما.



چەند ڕۆژێکی کەم دوای کەوتنی مەهاباد وە ڕێك لە ڕۆژی 20ی کانونی یەکەمی 1946 بارزانی نامەیەکی خۆ بەدەستەوەدانی بۆ ئێرانیەکان مۆرکرد، دوای ئەوەی داوای چاوپێکەوتنی ژەنەرال هەمایۆنی کرد بوو.[90] بارزانی لە کۆتایی کانونی دووهەمی 1947 چوو بۆ تەهران وە ماوەی زیاتر لە مانگێك لە وێ مایەوە وە لەو ماوەیەدا چاوی کەوت بە قوام و شای ئێران. باسەکان گشتی لە چوار چێوەی دوا ڕۆژی بارزانیەکان دەخولایەوە، بەڵام گفت وگۆکان نەگەیشتن بە هیچ ئاکامێك. هاوکات بارزانی هەوڵی زۆری دا کە چاوی بکەوێ بە دیپلوماتەکانی بریتانیا لە تەهران بۆ زەمان کردنی بووردن (ئەمنێستی) لە لایەن حکومەتی عیراقەوە، بەڵام لە هەوڵەکانی دا سەرنەکەوت. لە لایەکی ترەوە بارزانی چاوی کەوت بە سەفیری ئەمریکی لە تەهران وە داوای لێ کرد کە لە لای خۆیەوە داوا بکات لە حکومەتەکانی عیراق و بریتانیا بۆ بەخشینی بووردن بە بارزانی و پیاوەکانی. بەڵام سەفیری ئەمریکی (جورج ئالن) ووتی کە وا حکومەتەکەی ناتوانێ هیچ کارێ بکات لەم بارەوەیە.[91] کەچی لە لایەکی ترەوە ئالن بۆ شای ئیرانی دەربڕی کە وا عیراق بەرپرسیی هەیە لە مەڕ بارزانیەکان وە باشترە وەریان گرێتەوە. ئالن لەوە دەترسا کە مانەوەی مەسەلەی بارزانیەکان بە بێ چارە کاریگەریەکی نێگەتیڤی دەبێ بۆ سەر تەواوی کوردستان وە ڕێگە خۆش دەکات بۆ خۆ تێهەلکوتانی سۆڤیەتیەکان.[92] هەر وەها لە واشنتون ئەمریکیەکان هەوەلیان دا کە بریتانیەکان ئیقناع بکەن کە وا باشترە بارزانی ڕێگەی پێ بدرێ کە بگەڕێتەوە عیراق و ئەم وڵاتەش سیاسەتێکی کراوەتر پیادە بکات بەرامبەر بە کوردەکان.[93] بە هەرحاڵ، گفت وگۆکانی بارزانی لە گەڵ ئێرانیەکان بە هیچ نەگەیشت وە لە دوای بەرەو ڕوو بوونەوەیەکی سەخت لە گەڵ لەشکری ئێران، بارزانی خۆی و پیاوەکانی و خێزانەکانیان گەیشتنە ناو خاکی باشووری کوردستان وە لەوێش دوای هینەو بینەیەکی زۆر لە گەڵ حکومەتی عیراق، بارزانی خۆی و زیاتر لە 500 لە چەکدارەکانی لە ڕێپێوانێکی (مسیرة)یەکی مێژوویدا دوای 52 ڕۆژ گەیشتنە خاکی یەکیەتی سۆڤیەت.

90 Eagleton, 1963, p. 116.

91 Yassin, 1995, pp. 213-214.

92 بڕوانە: From the American Embassy in Tehran to the Department of state, Jan. 28, 1947, *284– DSDF, 891. 00/1.NA.*

93 بڕوانە: Memorandum of Conversatiom, From Washington to Tehran and Baghdad, Feb. 8,1947, *DSDF, 891. 00/1-2847,NA.*

مەسەلەیەکی گرنگ لێرەدا چارەنووسی قازی محەمەد و هەندێ لە هاورێکانیەتی، بەتایبەتی سەیفی قازی و سەدری قازی. تا بەر لە چەند سالێکیش ڕۆڵ و هەڵوێستی ئەمریکا لە مەڕ مەسەلەی لە سێدارەدانی قازیەکان بەتایبەت قازی محەمەد وەکو لوغز مابوویەوە. دوای کۆڵینەوە لە بەڵگەکانی ئەرشیفی نیشتمانی (National Archives) بۆمان دەرکەوت کە ئەمریکەکیەکان نەك هەر ڕۆڵێکی خەراپیان نە بووە لە سێدارەدان بەڵکو زۆر لە دیپلوماتە ئەمریکیەکان لە تەهران نارەحەتی خۆیان دەربڕی دوای بە جێگەیاندنی حوکمی لە سێدارەدان لە 31ی ئاداری 1947. قونسوڵی ئەمریکی لە تەبریز دەڵێ کەوا ''گوناهیان هەر چی بێت، ئەمانە [قازیەکان] سەرکردەی ڕێزلێگیراوی گەلەکەیان بوون''.[94] بە هەرحاڵ، بڕیاری لە سێدارەدانی قازی محەمەد و هاورێکانی بە پلەی یەکەم بڕیاری لەشکری ئێران بووە و شای وڵاتیش تەسدیقی کردەوە. لە دەمەتەقێیەکی شا لە گەڵ سەفیری ئەمریکا لە تەهران، شا ئەوەی دەربڕی کە زۆر سەرەك خێڵی کورد داوای لە سێدارەدانی قازیان کرد بوو. بەڵام هەر ئەو کاتە بۆ ئەمریکیەکان دەرکەوت کە ئەمە ڕاستیەکی تیا نیە و ئەو چەند کەسانەی داوایەکی ئاوهاشیان کرد بوو ئاشکرا بوو بۆ ئەمریکیەکان کە وا لە ژێر فشاری لەشکری ئێران کردویانە.[95]

## دەرئەنجام

لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا، وە بەتایبەتی دوای داگیرکردنی بەشی زۆری ئێران لە لایەن هێزەکانی بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەتەوە ساڵی 1941، باروئۆخێکی بابەتی لەبار ڕەخسا بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەم دەرفەتە مێژووییە لە ماوەیەکی کەمدا هەندێ گۆڕانکاری لە باری خۆیی لێکەوتەوە، بە مانای هاتنەکایەی جولانەوەیەکی سیاسی ڕێکخراو لەو بەشەی کوردستان کە بە دامەزرانی کۆماری کوردستان گەیشتە لوتکە هەرە بەرزەکەی.

ڕاستەوخۆ دوای داگیرکردنی ئێران لە نێوان کوردەکان لە لایەك وە لە شکر و شاندە دیپلوماسیەکانی بریتانیا و یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران لە لایەکی

---

[94] بڕوانە: From Sutton to the Department of State, April 19, 1947, *DSDF, 891. 00/4-1947.NA*. شایانی گوتنە کە وا د. عبدالرحمن قاسملۆ لە گفتوگۆیەکی تایبەتیدا لە گەڵ نووسەری ئەم وتارە جختی لە سەر ئەوە کرد کە بۆچۆنێك هەبوو کە ئەمریکایەکان ڕۆڵی خەراپیان بووە لە مەسەلەی سێدارەدانی قازی محەمەد وە دەریخست کە ساغکردنەوەی ئەم مەسەلەیە گرنگیەکی تایبەتی هەیە.

[95] بڕوانە: Yassin, 1995, pp. 214 -217.





تر پەیوەندی جۆراوجۆر هاتنە کایەوە. کورد لە هاوکارێك و پشتگیرێك دەگەڕا؛ دیارە هەر زوو دەرکەوت کە ئەم هێزە یەکیەتی سۆڤیەت دەبێ. لە کاتێکدا پەیوەندی کوردەکان و سۆڤیەتیەکان چڕتر وتوندتر بوو لە گەڵ نزیکبوونەوەی کۆتایی جەنگ، بەتایبەتی دوای گۆتاییەکەی، ئەوا ئەم پەیوەندیانە ئەوە دەرناخەن کە هۆکاری ئایدیولۆژی لە پشتەوە بووە؛ بەڵکە زیاتر سروشتێکی پراگماتی (قازانجی هەر دوو لا)ی هەبووە؛ بە کورتی سۆڤیەتیەکان پێویستیان بە هەندێ کارتی دیپلوماسی هەبوو بۆ بەکار هێنانیان بەرامبەر حکومەتی تەهران وە بەرامبەر دوو زلهێزە ڕۆژئاواییەکە واتە بریتانیا و ئەمریکا.

یەکێ لەو ئاکامانەی لەم ووتارەدا پێی گەیشتوم ئەوەیە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی کورد بە زلهێزەکان لە ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانیدا و ماوەیەکیش دوای تەواو بوونی ئەم جەنگە بەس نیە بۆ تێگەیشتنی لایەنی نێو نەتەوەیی لە کێشەی کورد بە تایبەتی هی کۆماری کوردستان: پەیوەندی کورد لە گەڵ حکومەتی مەرکەزی لە تەهران؛ پەیوەندی تەهران لە گەڵ زلهێزەکان؛ وە پەیوەندی کورد ڕاستەوخۆ بە زلهێزەکانەوە؛ وە هەروەها سیاسەت و ستراتیژی ئەم زلهێزانە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا دەبێ وەکو دینامیزمێکی یەکبوو تەماشای بکرێ، بەشەکانی (واتە بەشەکانی ئەم دینامیزمە) یەکتر تەواو دەکەن. ئەم شێوە بۆ چوونەش بە تایبەتی لە ڕووی مێتودی لێکۆڵینەوە یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتنێکی قولتری بابەتی کورد و کۆماری کوردستان لە پەوەندیە نێو نەتەوییەکاندا.

لە گەڵ بوونی هەندێ حاڵەت و خاڵی ململانێ و گرژیش لە پەیوەندیەکانی نێوان بریتانیا و ئەمریکادا، بەتایبەتی لە مەڕ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کەچی بە گشتی لە یەکچوون و لە یەکتر نزیکیەکی زۆر هەبوو لە سیاسەتی ئەم دوو زلهێزەدا بەرامبەر ئێران و ڕووداوەکانی پەیوەندیدار بە سیاسەتی ناوەوە و دەرەوەی ئەم وڵاتەدا. ئەم سیاسەتە بریتی بوو لە پشتگیری کردنی حکومەتی مەرکەزی لە تەهران بۆ: 1. دەرکردنی هێزەکانی یەکیەتی سۆڤیەت لە ئێران، وە 2. یارمەتیدانی تەهران بوو بۆ گەڕانەوەی کۆنترۆلی تەواوەتی حکومەتەکەی بە سەر هەموو ناوچەکانی ئێراندا، بەتایبەتی ئازەربایجان و کوردستان.

هەر چەندە کێشەی کورد لە ئێران گرنگیەکی تایبەتی هەبوو بە بۆچوونی هەرسێ زلهێزەکە، بەتایبەتی لە بەر بوونی کورد و کێشەکەی لە ژمارەیەك لە وڵاتانی تر وە لە ناو خاکی یەکیەتی سۆڤیەتی ئەو کاتە، بەڵام دیسان مەسەلەی کورد و ڕۆڵی سیاسی گەلی کورد لە تەواوی هاوکێشەکەدا بە پەراوێز کراوە؛ دەڵێم کراوە چونکە هەر نەبێ حکومەتی ئێران و ئازەریەکانی

هاقیپۆن

ئێران و سوڤیەتیەکان خۆشیان کوردیان وەك پەراوێزێك بۆ ئازەربایجانی ئێران و کۆمارەکەی تەماشا دەکرد و لە ڕۆشنایی ئەم تێڕوانینەش هەڵس و کەوتیان لە گەڵدا دەکرد. هەر لێرەدا پێویستە بگوترێ کە پەراوێز کردنی گەلێك لە هەلس و کەوتی سیاسیدا لە ئاکامدا دەبێ بە هۆی بە پەراوێزبوونی لە مێژووی نووسراویشدا!!

د. بورهان أ. یاسین

1956 ل باشوری کوردستانێ بویە. 1979 - 1980 پشکا مێژویێ ل زانینگەها موسل - عیراق ب دوماهی ئینایە. 1983 هاتیە سوێد وەکو پەنابەر. 1995 دکتورا دبوارێ مێژوییێدا ژ زانینگەها لوند - سوید وەرگرتیە. نهو لێکۆلەر و ماموستایە ل پشکا مێژویێ ل زانینگەها لوند - سوید. ژمارەکا لێکۆلینا ب زمانێ کوردی و سویدی و ئنگلیزی بەلاڤکرینە.



AMERICAN CONSULATE

Tabriz, Iran, April 19, 1947

~~CONFIDENTIAL~~

DECLASSIFIED

SUBJECT: EXECUTION OF GHAZI MOHAMMED, SADR GHAZI AND SEIF GHAZI, FORMER KURDISH LEADERS.

891.00/4-

THE HONORABLE

THE SECRETARY OF STATE,

WASHINGTON.

SIR:

I have the honor to transmit for the files of the Department
1./ photographs (enclosure No. 1) which were taken at Mahabad, Azerbaijan on March 31, 1947 of the execution of Ghazi Mohammed, leader of the Kurdish autonomous movement, Sadr Ghazi, former Kurdish Deputy in the Iranian Majlis, and Seif Ghazi, so-called Minister of War of the Kurdish movement. Also transmitted as enclosure
2./ No. 2 is the communique of General Homayouni announcing the execution. The announcement did not become generally known until the following day, April 1, when it was given out over Tabriz radio.

There was no previous indication of the execution. In fact it was generally believed that Prime Minister Qavam did not intend to exact the death penalty. The sentence appears to have been carried out directly by the army and the Shah. On the night before the Ghazis were hung an early curfew was declared and soldiers with machine guns were stationed on the roofs around the public square. It is stated that the gallows were erected during the night and that the sentence was carried out at 5:00 a.m., not at 6:00 as reported in the communique. On the morning of March 31 the people of Mahabad awoke to find the Kurdish leaders hanging in the public square. From one of the photographs it can be seen that the place of exeuction was heavily guarded.

It is reliably reported that the night before their execution the Ghazis were taken to the wash-house and told to write their wills. Ghazi Mohammed and Sadr Ghazi were trembling so much that they could not write, but Seif Ghazi wrote out his last wishes in his own hand and cursed his jailers all the way to the gallows. Sadr Ghazi is reported to have directed his wife to remain in Tehran and to bring up his children there, away from the troubled environment of Kurdistan.

Since the execution I have on several occasions expressed to local officials the distaste and disgust with which Americans /regard

REPRODUCED AT THE NATIONAL ARCHIVES

FILED

CONFIDENTIAL

(دوکومێنت - 1 -) نامەیەکە لە قونسولیەی ئەمریکی ناردراوە بو وەزارەتی دەردوەی ئەمریکا بە بەرواری 19. نیسان. 1947 کە دوو لاپەرەیە. (ئەم دوکومێنتە لە باسەکەدا بەکارهاتووە)

Enclosure No. 2 to Tabriz
Despatch No. 22 of April 19,
1947.

80

To the Headquarters of the Kurdistan Forces:-

Since the end of the 20th year (1941-42) Mohammed Ghazi, Abolghassem Sadr Ghazi and Mohammed Hosein Seif Ghazi were engaged in a series of intrigues and agitations against the security and order of their area. They gave themselves such a degree of freedom of action as to attack the police headquarters of Mahabad and pillage it; to shoot 5 policemen and destroy all the records of the police office wherein their criminal dossiers were kept. They were the cause of the killing of Mahmoodyan, a mercahnt of Mahabad, and of Ghazizadeh, Chief of the Statistics Department. Mohammed Ghazi cooperated with his brother Sadr Ghazi, who outwardly was the representative of Mahabad to the Majlis, but in reality was the true engineer of the plans for separation from Iran. In order to accomplish his secret plans, Sadr Ghazi caused the expulsion from Mahabad of all the Chiefs of Government Departments. On the 24th of Azer, 1324 he had the Iranian tricolor torn from the roofs of government buildings and had it replaced with the "flag of Kurdistan". On the 2nd day of Bahman, 1324 Mohammed Ghazi declared himslef "President of the Kurdish Autonomous State". He appointed a number of traitorous men as his ministers to accomplish his personal plans for his autonomous Kurdistan. He organized strong units from among his own and Barzani Kurds to fight the central army units. He distributed arms among the people and sent them to the Sakkiz and Sardasht fronts. Despite repeated invitations by the Kurdistan army authorities to Mohammed Ghazi's men to give up, the Kurds would not obey. The Central Authorities from Tehran also tried to persuade them to give up their traitorous acts, but nothing came of it, and they continued in their hostile attitude. In the middle of Azer, 1325 when the Kurdistan Forces began to move into Azerbaijan, these Kurdish chiefs had conferences and lectured in mosques encouraging the people to resist, but the fast progress of the army gave them no chance to realize their plans. Subsequently they were arrested and came face to face with justice. Their dossiers were turned over to a military tribunal and the tribunal found them guilty and sentenced them to death. Their cases were reviewed, but the revision only confirmed their sentence, and by the approval of His Majesty the King the sentence was carried out at 6 o'clock on the 10th of Farwardin (31st March, 1947) at Mahabad.

GENERAL HOMAYOUNI

Commander of the 4th Army of Kurdistan.

REPRODUCED AT THE NATIONAL ARCHIVES

(دوکومێنت ـ 2 ـ) نامەیەکی ڕاگەیاندنی ڕەسمیە (کە مولحەقی ژمارەی دووی نامەی دوکومێنتی ـ 1 ـ د). ئەم ڕاگەیاندنە لە لایەن ژنەراڵ هەمایۆنی قوماندار ی لەشکەری 4 ی کوردستانەوە نووسراوە. (ئەم دوکومێنتە لە باسەکەدا بەکارهاتووە)